KURDISTAN



# بەشێک لە وتووێژو وتارەکانی

## هاوڕێ مۆژگان عەلیپوور

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێرست:


١- بزووتنەوەی ژنان و دینامیزمی دەسەڵات لە ئێراندا................................ وتووێژ: شەونەم هەمزەیی ..... ٣

٢- دێموکراسی و خەڵک بۆ بەرێوەبەریی بەرپرسانە......................................................................... ٦

٣- خەبات لە پێناو فێمینیسم ناسیۆنالیست دا........................................................................... ٩

٤- شۆڕشی ژینا، نوقتەگۆڕانێکی مێژوویی............................................................................ ١٤

٥- ئەرکەکانمان لە شۆرشی ژینا................................................................................ ١٧

٩- لە حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان، هەتا شۆڕشی ژینا.................. دیمانە: شەهلا حاجی ڕەحیمی ..... ٢٠

٦- ئاڵەنگارییەکانی بەردەم بزووتنەوە "شۆڕش"ی ژینا.......................................................... ٢٢

٧- هێژمونی فێمینیزمی ناوەندگەرا لەسەر فێمینیزمی کوردی............................................... ٢٥

١٠- مۆرکی کوردی لە توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان نەدەین.................................................. ٢٩

١١- کورتەیەک سەبارەت بە رێکخراوی یەکیەتیی ژنان........................................................ ٣٢

١٢- هەوڵەکانی ڕژیمی ئێران بۆبەلاڕێدابردنی داخوازییەکانی شۆرشی ژینا.................................. ٣٥







سەرچاوە Serchawe

# بزووتنەوەی ژنان و دینامیزمی دەسەڵات لە ئێراندا



**وتووێژ: شەونەم هەمزەیی**

**ئاماژە:**

**نیوەی دووهەمی مانگی ڕەشەممە دوو بۆنەی تێدا کە بۆ باس لەسەر پرسی ژنان گرینگن. ٨ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان و ٢٤ی ڕەشەممە، ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان. ئەم بۆنە مێژووییانە هەم دەرفەت و هەم بیانوون بۆ ئەوەی پرسی ژنان و چەندیوچۆنیی ڕەوتی مافخوازیی ئەوان هەڵسەنگاندنیان بۆ کرێ. کە باس لە بزووتنەوەی ژنان لە ئێران، یان تایبەت کە باس لە بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ئێران دەکەین، چاومان دەچێتە سەر ئەو قۆناغگەلەی بزاوتی ژنان بڕیویەتی.**

**شەونەم هەمزەیی**: ڕاستە کاری مەیدانی لە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بۆ ژنان سەختە، بەڵام بەوحاڵەش دەگوترێ ئەو مێتۆدانەی چالاکانی بواری مافەکانی ژنان یان تەنانەت بڵێین بزووتنەوەی ژنان بۆ مافخوازی دەکاریان دەکەن وەڵامدەر

نـین. بە واتـایەکی دی بـزووتنەوەی ژنـان بە دروسـتکردنی کەمپینەکـان، چـالاکییە جارناجارەکـان و بڵاوکـردنەوەی ڕاگەیەندراو  بەیاننامەکان نەیتوانیوە ببێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری. نەیتوانیوە بچێتە نێو کەڕەک و کۆڵان و ماڵانەوە و ژنان بۆ مافخوازی ڕێک بخا.

**موژگان عەلیپوور**، سکرتێری ئێستای یەکیەتیی ژنان لەو بارەوە ڕای وایە بەردی بناغەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر پێشێلکاری مافەکـانی ژنـان دانـراوە و، هـیچ کـات ئیـزن بە ڕێکخراوەیەکـی تـایبەت بە ژنـان نەدراوە کە ئـازادانە ژنـان  و پیاوانی یەکسانیخواز کۆبکاتەوە و بە دیاریکراوی کـار بـۆ بەدواداچوونی کێشەکان بکـا و هەوڵـی چارەسەرییان بـدا. ئەوەی کراویشە لەبەر ئەوەی سازماندراو و بە هەماهەنگی نەبووە نەیتوانیوە وڵامدەر بێ. ئەو شێوازە چالاکییـانەی کە لە نێوخۆ لە ئاراداییە گشتگیرە و تەنها بەشێکی خزمەت بەو پرسە دەکـا و ڕاستە دەبێ میتۆدەکـانی کـار و چالاکی لە ڕاستای پرسی ژناندا بێ و بۆ شوێندانەری هەنگاوەکان دەبێ زیـاتر لەو پێنـاوەدا هەڵبگیـرێن. ئێمە دەبینین کە لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان هەوڵـی پێکهێنـانی کـۆمەڵگەیەکی مەدەنـی لەسـەر بنـاغەی دێموکراسـی ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزتـر دەبـێ و دەبێـتە مەترسی بۆسـەر دەسـەڵاتی دیکتـاتۆری ئێـران کە ژنـانیش لە بەرەوپێشچوونی جێ پەنجەیـان دیـارە. کەواتە پێویستە لەم ڕاسـتانە هەوڵـی چالاکانی بواری مافەکانی ژنان زیاتر بۆ ئەوە بێ کە پرسی ژنانیش وێرای پرسە گشـتییەکانی دیکەی نـاو کۆمەڵگە بچێتە پێش و نەکەوێتە پەراوێزەوە. واقعییەت ئەوەیە سەختە تۆ ژن بی و لە وڵاتێکدا بـژی کە  کەمترین مـافی بە ژنـان دابـێ و بە یاسا لە زۆربەی بوارەکان بەربەستی بۆ دانابێ، بەوحاڵەش بتوانێ لە بـواری کـۆمەڵایەتی، سیاسـی، فەرهەنگی و ژینگە پـارێزی... هتـد تـا ئەو ئـاستە چالاک بێ. بەڵام ئەوە بەو مانـایە نییە کە چیـدی پێویسـت ناکـا بیـر لە شێوازی دیکەی کاروچالاکی دیکە بکرێتەوە!

**شــەونم هەمزەیــی**: ژنــان لە ئێــران پــێ بەپێــی قۆناغەکــانی دەســەڵات و تەمەنــی کۆمــاری ئیســلامی بەســەر زۆر هەلــومەرج  بارودۆخـدا کەوتـوون. پرسـیار ئەوەیە کە گۆڕانکـارییە سیاسـییەکان لە ئێـران و هەڵبژاردنەکـان و گـۆڕینی کابینەکان لە ماوەی چوار دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا چ دەسکەوتێکی بۆ ژنان بـووە. خەبـات و بـزووتنەوەی ژنـان لە سایەی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێراندا  دەسکەوتیان چی بووە.

**موژگـان عەلیپـوور** لەو بـارەوە دەڵـی زیـاتر لە چوار دەیە دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسلامی و گۆڕانکارییەکـان لە کابینەکـان و هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و سەرۆککۆماریش هیچیان دەسکەوتی ئەوتۆی بـۆ ژنـان بە تـایبەتی ژنـی کـورد نەبـووە. ئەگەریش ژنان لەو ماوەیەدا دەسکەوتێکی بچووکیشیان لە خەباتی مافخوازانەیاندا دەستەبەر کردبێ، ئەوە بەری ڕەنج و ماندووبوون و قوربانیدانی خویان بووە. ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی جۆری بزووتنەوەکە و بارودۆخ و ژینگەی چالاکی و جـۆری دەسەڵاتی ئەو وڵاتە دەبێ هەڵسەنگاندن بۆ دەسکەوتەکانی بکەین. لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەرفەتەکـان زۆر بەرتەسکن



سەرچاوە
Serchawe

و لە هێندێک بواری وەک "سیاسی"دا هەر دەرفەتی چالاکی بۆ ژنان نییە. لە ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ژنان توانیویانە لەهەر هەل و دەرفەتێک کە بەرهەمی گۆڕانکارییەکان لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا بووبێ، کەلک وەربگرن و ئەمە بە قازانجی بردنە پێشی پرسەکان بقۆزنەوە. بۆ نموونە لابردنی جۆرێک لە جلوبەرگی داسەپاوی ئەو ڕێژیمە، هەوڵدان بۆ چوونە یاریگا وەرزشییەکان، پڕکردنەوەی کورسی زانکۆکان تا ئاستێکی بەرچاو و سەربەخۆیی ئابووری و سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی ژنان لە بواری وەرزشی بەشێک لەو دەسکەوتانەن. ژنی کوردیش لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە لە پێناو بەدەستەوەگرتنی شوناسی خۆی وەک میللەتی کورد زۆرترین هەوڵی داوە و لەم پێوەندییەشدا توانیویانە تا ئاستێکی باش ئەو شوناسە بپارێزن و ساڵ لە دوای ساڵ هەماهەنگتر و بە ڕێکخراوتر ئەو ڕەوتە بەرەو پێش بەرن. یەکێک لە نموونە بەرچاوەکان پاراستنی زمانە کە یەک لە شوناسەکانی نەتەوەیە، ژنان خۆبەخشانە و ماندوویینەناسانە کاریان کردوە و شاربەشار و گوند بە گوند وانەی کوردیی دەڵێنەوە و لەم پێوەندییەشدا دەتوانین ئاماژە بە زارا محەممەدی بکەین کە بە تاوانی وتنەوەی زمانی دایکی شەش مانگ دەسبەسەرکرا و پاشان بە بارمتەی قورسی چەند سەد میلیۆن تمەنی ئازادکرا. کەواتە ژنانی ئێمە دەسکەوتەکانیان بە قوربانیدان و بە قیمەتی گیانیان بەدەست هێناوە نەک بە چاکە و پیاوەتی دەسەڵاتی حاکم لە ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠٢٠

---

## دێموکراسی و خەڵک بۆ بەڕێوەبەریی بەرپرسانە



بەشداریکردن لە سیاسەتی گشتگیر و هەمەلایەنەی بەڕێوەری لە وڵاتێکدا، پێویستی بە فەرهەنگی گشتییە. ئەو فەرهەنگە سەرەتا لە لایەن بەڕێوەبەرانی هەڵبژێردراو و بەرپرسان و نووسینی یاسای دێموکراتیک لە لایەن پسپۆڕان و دیالۆگکردن لە سەر پەسەندکردنەکەی دەست پێ دەکا. دواتر ئەو یاسایەی زۆربەی خەڵک، دەنگی ئەرێنییان پێ داوە، بەڕێوە دەچێ. لە ماوەی بەڕێوە چوونەکەیدا، بە پێوە زیادکردنی کەموکوڕییەکان (موتەمم) یا تێبینی، تەکمیل دەکرێ. لە ڕەوتی کار پێکردندا، فەرهەنگی دێموکراسی لە چوارچێوەی حیزب و ڕێکخراوەکاندا و بە شێوەی سەربەخۆش، دەتوانێ باشتر بچەسپێ. لەو بەستێنەدا، هەڵبژاردن دەورێکی زۆر سەرەکیی بۆ جێبەجێ بوونی فەرهەنگی دێموکراتیک دەگێڕێ. هاوسەنگیی بنچینەیی فەرهەنگی دێموکراتیکی سەرکەوتووانەی ڕێژەیی لە ڕادەیەکی زۆر سەرووددا، بەبێ جیاوازیی ڕێکخراوەیی و بیروبۆچوون و، یەکسانیی مرۆڤەکان بە هەموو جێندێر و ڕەگەزەکانەوە، بەبێ جیاوازیی ژنان و پیاوان، کوڕان و کچان –کە گەیشتبێتنە تەمەنی یاسایی-، پێک دێ، بۆیە مافی بەشداری و دەنگدان بۆ ژنان و پیاوان بەبێ هەڵاواردن مافێکی سەرەکییە و، گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیکی لەم چەشنە بەبێ لە بەرچاو گرتنی ئەم ئەسڵانە کەمایەسیی زۆری دەبێ.

لە ئێراندا، بۆ یەکەم جار لە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لە ١٣٢٤ (١٩٤٥)ـدا، مافی دەنگدان بە ژنان درا. بەڵام بە داخەوە ئەو حکوومەتە و کۆماری کوردستان، بوون بە قوربانیی شەڕی نوێی سارد و ڕووخێندران و ئیزنی بوون و گەشەکردنیان پێ نەدرا. بۆ جاری دووهەم، ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢)، مافی دەنگدان بە ژنان و کچانی لاو - تەمەن ١٨ ساڵ -

درا. بەڵام هەم زۆربەی هەرە زۆری ڕۆحانییەکان دژی بوون و هەم ئاستی خواری فەرهەنگ لە ئێراندا، بووە هۆی ئەوەی بە باشی بەڕێوە نەچێ و، هەر بۆیەش بەشداریی ژنان و کچان بە شێوەیەکی قووڵ ڕیشەی دا نەکوتا.

لە ماوەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، ژن پتر وەک ئامرازی دەنگدان کەلکی لێ وەرگیرا. بەشێکی زۆری ناهاوسەنگیی ژنان و پیاوان لە بەڕێوەبەریی دوای سیستمی پاشایەتی لە ئێراندا، هەم بۆ باوەڕی ئایینی دەگەڕێتەوە و هەم کێشە و ململانێی سوننەت و مۆدێرنیتەش لەم نێوەدا ڕۆڵ دەگێڕێ.

لە سەرەتای دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیەدا، هەموو دژبەرانی "یاسایی" و دەرەوەی "یاسا"ش، بە شێوەی جۆراوجۆری وەک هێرش، کوشتار، تیرۆر، زیندان، دوورخستنەوە و ئیعدام، لە مەیدانی ڕاستەوخۆی بەربەرەکانی وەلا نران یا پەراوێز خران.
هەرچەند لەنێو زۆربەی هەرە زۆری بەند و ماددەکانی یاسای کۆماری ئیسلامییدا، دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهی زاڵ بوو، بەڵام دیسان لە بەشی "مافی گەل"دا و، لە بەشی شۆڕاکان، جێی هەڵبژێرانی بێجیاوازیی ژن و پیاو تا ڕادەیەک هەبوو. بۆیە دوای ٢٠ ساڵ هەڵپەساردنی هەڵبژاردنی شۆڕاکان، ڕێژەی ژنان لە بەڕێوەبەریی گەڕەک، شار و گوندەکاندا، بە هەموو کەند و کۆسپەکانییەوە زۆر و بەرچاو بوون.

کۆمەڵگەی ئێران بە هۆی دەسەڵاتی ئایینی و پرسە جیاوازەکانی کولتووری و سیستمی پیاوسالاری، دابەشکردنی نایەکسانی ئەرکەکان کە ژنان لە نێو ماڵ، کاری وەک کابانی نێوماڵ و بەخێوکردن و گەورەکردنی منداڵی پێ دەسپێردرێ و پیاوەکانیش کارەکانی دەرەوی ماڵ و خۆ پێگەیاندن و گەشەکردنیان، بۆ مسۆگەر دەکرێ. هەر لەبەر ئەوە ژنان و کچان لەبەر زۆریی بەربەستەکان، بە ڕاشکاوی ناتوانن لە کایە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕینی چارەنووسی خۆیان و سیاسەتدا، بەشداری بکەن. بە خۆشحاڵییەوە لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا، نەخشی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە خەڵکییەکان لە نێوخۆی ئێران –لە نەبوونی ڕێکخراوە سیاسییەکاندا-، پڕڕەنگتر و دیارتر بووە، چونکە زیادبوونی ڕۆڵی ڕێکخراوەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانێکی بەرچاویان بەسەر ئەو سیستمەدا هێنا.

سەرەڕای هەموو ئەو بەربەستانە لە کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەرزبوونەوەی ئاستی شعوور و تێگەیشتنی سیاسی و چوونە سەرێی ئاستی خوێندەواریی ژنان لە بوارە جوراوجۆرەکاندا، وای کردوە کە ویستی ژنان بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، زیاتر بێ. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کێشەی جددیتر لە پێشوو بەرەو ڕوو بێتەوە، بۆیە گوشاری زۆرتر بۆ ژنان و کچانی چالاکی مەدەنی، ژینگەپارێزی،



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆژنامەنووس، هەواڵنێر و وێژوانانی زمانی دایک، دێنێ، زیندانییان دەکا، یا حوکمی ناڕەوای درێژخایەنیان بە سەردا، دەسەپێنێ.

لەو سیستەمە پتر ئایینییەدا، متمانە بە تواناکانی ژن لە بواری سیاسی و مودیریەتدا زۆر کەمە. ئەگەر سەرنج بدەینە دەنگ و ڕەنگی ئەو ڕێژیمە دژە ژنە، لە ڕێکلام و فیلمە سینەماییەکانیشدا، ژن تەنیا وەک دایکێکی باش یان هاوسەرێکی دڵسۆز، یا خوشکێکی کارەکەری نێو ماڵ، نیشان دەدرێ کە لە خزمەت پیاودایە. زۆر کەم ژن وەک بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو یان پارلمانتارێکی بە توانا یا مودیرێکی ژیر و وریا نیشان دەدا.

لە ئەزموونی ماوەی پێشوو و تا ئێستا، لە کۆنترۆڵی کۆرۆنا لە وڵاتانی فینلاند، نیووزیلەند، ئاڵمان و هتددا، چەندین لێکۆڵینەوەی دیکەش کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو کراوە، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ژنان لە نێو ئەو کۆمەڵگەیەدا، دەتوانن ڕۆڵی زۆر باش لە ئیدارە کردنی قەیرانە زۆر ئاستەمە نێوخۆییەکانی وڵاتەکەیان و جیهاندا بگێڕن.

ژنان و کچانیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هێنانەدیی ویست و داخوازییەکانیان کە یەکێک لەوان بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەرییدایە، هەوڵی بەرچاویان داوە. تەنیا بوونی سیستمێکی دێموکراتیک و پەرەدان بە فەرهەنگی دێموکراسی و جێگیرکردنی لە کۆمەڵگە و ئیزن دان بە هەموو تواناکان بێجیاوازیی ڕەگەزی و، ئیزن دان بە گەشەی تواناکان، چارەسەری بەشی هەرە زۆری کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگە لە ئێراندایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## خەبات لە پێناو فێمینیسم ناسیۆنالیست دا



مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژنان لە هەر وڵاتێک گرێدراوی هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووەی ئەو کۆمەڵگەیە کە تێیدا دەژی. لە ئێران دا کە پتر لە ١٠٠ ساڵە لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان دا، بووە و وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، مێژووی بزووتنەوەی ژنان هەڵکشان و داکشانی زۆری هەبووە کە بەشی هەرە زۆری زۆر ڕوون و شەفاف نییە.

نەتەوەی کوردیش کە خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژە لە داواکاری ماف و ویستەکانی و خەباتێکی نەپساوەی هەیە، لەگەڵ دەسەڵاتە سەرەڕۆییەکان ململانێی کردەوە بۆ ماف و ئازادییەکانی. بۆیە گیرۆدەی خەباتێکی زۆر سەخت و دژوار و بە ئاکام نەگەیشتوو بۆتەوە، کە بەداخەوە ئێستاش درێژەی هەیە.

ژنان و کچان تەنیا ماوەیەکی کورتی لەو مێژوویە، لەسەردەمی دەسەڵاتی پەهلەووی دووهەم (محەممەد ڕەزا شا) دا، توانی مێژووی نوێ خۆی بەشێوەی ڕێکخراو تۆمار بکا و بۆ گەشە کردن لە کەش و هەوایەکی ئازاد دا، هەوڵ بدا. ئەو مێژوویە کەمتر لە دوو مانگ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان لە پێتەختەکەی مەهاباد، لە ٢٤ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٥ی مارسی ١٩٤٦ی زایینی خوڵقا.

دروست بوونی حیزبی دێمۆکڕاتی ژنانی کوردستان، هاوتەریب لەگەڵ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٦ ی ئاگوستی ١٩٤٥ بە پاشخانێکی ٣ ساڵەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژێکاف) دامەزرابوو، پتر لە ١١ مانگ سەردەمێکی زێڕینی لە خەبات و تێکۆشان بۆ یەکسانی و ئازادی ڕەخسا. ژنان و کچان کە لەگەڵ کەند و کۆسپ و بەربەرستی زۆری، نەتەوایەتی، کۆمەڵاتەتیی، ڕەگەزی و ئایینی و... بەرەوڕوو بوون؛ لە بنەماڵەی بەرپرسانی هەرەسەرووی کۆمار بەتایبەتی سەرکۆمار پێشەوا قازی محەممەد و پشتیوانی کران و دواتر پەرەی گرت.

دامەزراندنی قوتابخانە بۆ کچان ڕۆژانە و فێربوونی خوێندنی زمانی دایکی ئێواران و شەوانە و کۆبوونەوە لە چوارچێوەی حیزبی خۆیان دا، و پەرەپێدانی ئەو چالاکییانە بۆ شارەکانی بۆکان و شنۆ، بەشێکی گرینگن کە بە قەولی خانمی شەهەرزادی مجاب، لە پێشەکی کتێبی"ژنان و ناسیونالیزمی لە کۆماری کوردستان" و تەرجەمە ئەحمەدی ئەسکەندەری، هەم سیمای کۆماریان مودرێڕن کرد و هەم مەیدانی ناسیونالیزمی کوردیان بەرفراوانتر و خاوەندارتر کرد.

دوای ڕووخاندنی کۆماری کوردستان، حیزبی دێمۆکڕاتی ژنانی کوردستان یش، چالاکییەکانی بە ناوە چووە ئارشێڤی مێژووە. بەڵام تێکۆشانی ژنان و کچان لە فۆرمی جیاواز دا، بە شێوەی سیاسی و مەدەنیی بەپێی وەزعییەت و ڕووداوەکان درێژەی هەبوو، بەڵام هەتا ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆی محەممەد ڕەزا شای پەهلەوی، بەرەو بەرزایی دەچوو، ژنان و کچانی تێکۆشەر، و ئەمجار لە چوارچێوەی ڕێکخراوی ژنان دا، بە دەرکردنی گۆڤاری "هاواری ژنی کورد"، چالاکییەکانی خۆیان درێژە دا.

پتر لە دوو حەتوو دوای ٢٢ ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٧٩ ی زایینی، لە ڕۆژی ١١ ی ڕەشەممە دا، حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کوردستان (ئێران)، تێکۆشانی ئاشکرای خۆی بە بەشداریی پتر لە ١٠٠ هەزار کەس لە ستادیۆمی وەرزیشی شاری مەهابادی پێتەختی کۆمار، ڕاگەیاند، کە کچان و ژنان هەم لە بەشداری بەرچاویان و هەم لە تەداروکاتی میوانەکان، نەقشێکی زۆر گرینگیان گێڕا.

دوای ئەو کات لە بارودۆخێکی نوێ و زۆر جیاواز لە پێشوو دا، ژنان و کچان ئەمجار لەگەڵ ڕێژیمێکی نوێ بە ئیدئۆلۆژی ئیسلامی سیاسی شیعەی ویلایەتیی فەقیهی ڕووبەڕوو بوون، کە بەرەبەر دەستکەوتە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان و یاسا پەسند کراوە ئەرێنییەکانی کە لە ڕێژیمی شا دا، هاتبوونە ئاراوە، لە دەست دەچوون.

لەو هەلومەرجە نوێیە دا، کە جگە لە حیزبی دێمۆکڕات، ڕێکخراویکی دیکەی کوردی و ناکوردی چەپ و بەرانبەریی خوازی ژنان و پیاوان، کچان و کوڕانیان لە بەرنامە و هەڵسوکەوتەکانیان دا هەبوو، تێدەکۆشان. لە جیهانیش دا، بە تایبەتی

پتر لە ١٠ساڵ دوای تەواوبوونی شەڕی دوویەمی جیهانی و لە ١٩٦٠ وە، هاتنە ئارای چەند جۆر فێمینیزم کە خوێندەوەی یەکسانی خوازیی بۆ ژنان و پیاوان لە بەرنامە و چالاکییەکانی یان داهەبوو، ئەو دیاردەیەش کەم و زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەرنامەی حیزب و ڕێکخراوە تێکۆشەرەکانی دا ڕەنگی دایەوە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە یەکەم بەهاری ئازادی دا، کەوتە بەر هێرش و پەلاماریی نیزامی و تەبلیغاتی دەسەڵاتی نوێ، ڕێکخراوە سیاسیی و ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە ئایینیی و مەدەنیییەکان، لە یەکەمین ڕێفراندۆمی دروست کردنی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی دا، یانی دەنگ دان بە کۆماری ئیسلامی ئێران، بەشداریان نەکرد. جیاوازیی بیروڕا و هەڵسوکەوت لە کوردستان، لەگەڵ دەسەڵاتبەدەستانی قوم و تاران، و خوڵقانی وەزعییەتی بەرگری و بەرخۆدان دژی زێدەخوازی و هەنگاوونانی ڕێژیم بۆ داگیرکردنی کوردستان، لە ماوەی پتر لە ٦ مانگ دوو شەڕی داسەپێندراوی بەداوە بوو، کە هێرشی سەرانسەری بۆ کوردستان بە فتوایەکی ڕووحووڵڵا خومەینی، یەکەم وەلی فەقیە، بۆ ماوەی ٣ مانگ، کوردستان کەوتە قوناغی بەرگریی ڕەوای سەخت و پێشمەرگە بوو بە باسکی بەهێزی گەل.

ژنان و کچان لەو بارووددۆخە دا، پتر تەنیا وەک بەرگریکاریی مافی نەتەوەیی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دێمۆکڕات و چەپ، چ وەک پێشمەرگە و چ وەک خەباتکاری بوارەکانی دیکە هەڵسوکەوتیان دەکرد. مەسەلەی یەکسانی لەوکات دا، لە پەراوێز دابوو.

حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران کە دوای کونگرەی چوارەم بە هۆی بارودۆخی سیاسیی و خەباتی بەرگرییکارانە لە شارەکان بەناچار بەرەو گوندەکان و دواتر شاخ و پاشان پەڕێوەی باشووری کوردستان و تاراوگە بوو؛ ئەو حیزبە پشتیوانی بەردەوامی ڕێکخراوی ژنان بووە، لە شاخ ژنان و کچانی هان دەدا کە ڕێکخراوەی خۆیان بە بەرنامەیەکی تایبەت بۆ خەباتی مەدەنیی ژنان و هاوتەریب بە پێی توانا لە حیزبی دێمۆکڕاتیش دا، هەبێ.

لەم خولەی خەبات دا، کە پتر لە ٤٠ ساڵە درێژەی هەیە و یەکیەتیی ژنانی دێمۆکڕات وەک ڕێکخراوێکی تا رادەیەک سەربەخۆ، لەگەڵ دوو دیاردەکەی خەباتی نەوتەوەیی و خەباتی یەکسانخوازی، چ لەنێو ڕیزەکانی حیزب و دا و چ لەنێو ڕێکخراوی تایبەتی خۆی دا، هەڵسوکەوتی زۆر باش و فیداکارانەی ئەنجام داوە. هەردوو جۆری بۆ ئازادی بیروڕا و کردەوە بۆ ژنان چ لە خۆ پێگەیاندن و چ پەرەپێدانی ڕێکخراویی خۆیان و تەنانەت بە ئەندام بوونی پیاوان و کوڕان لە یەکیەتیی ژنانی نوێ دا، پتر لە پێشوو بە کردەوە لەگەڵ جۆرێک فێمێنسیم- ناسیونالیزمی کوردی تێکەڵاو بووە کە، وێڕای خەبات بۆ ئازادیی نەتەوەیی و وەدیهاتنی مافە پێشێلکراوەکانی کورد، خەبات بۆ یەکسانی و بەرانبەریی هاوتەریب ئەنجام داوە.

لەو بەشەی خەبات دا، ژنان و کچانی ڕێبەر، کادر و پێشمەرگەی زۆر باش و بەوەجیی لە هەردوو خەباتی نەتەوەیی و یەکسان خوازیی تێدا پەروەردە بووە کە، چ لە کوردستان لە هەردوو دیوی گەرمێن و کوێستان و لە تاراوگەش دا، گەشە و پێشکەوتنی زۆر بەرچاو هەیە. هەرچەند زۆرکەم بوار و ئیمکانات هەم بەهۆی باردۆخی سیاسیی و نەتەوەیی و هەم کۆمەڵایەتیی و کۆسپەکان، فێمێنیزم هاوتەریب لەگەڵ ناسیونالیزمیی بەرایی باش نەچووتە پێش؛ بەڵام بەرفراوان بوونی یەکیەتیی ژنان، کۆنفرانس و کۆنگرەکانی و پەل هاویشتنی بەهێزی لە دەرەوەی وڵاتیش کە، بۆتە ئەندامی ڕێکخراوی ئینترناسیۆناسیت- سوسیالیست، کە لە هەردووک بواری ناسیۆنالیزم و فێمێنیزم دا، چالاکی ئەنجام دەدا.

بۆ وێنە دەتوانیین بە دوو سەرکردە و خەباتکاریی شێلگیری هەر دوو بەشی نەتەوەیی و فێمێنیستی، شەهیدان و نەمران سوهیلا قادری و مامۆستا نەسرین حەداد ئاماژە بکەین؛ کە لەو پێناوەدا، زەحمەتێکی زۆریان کێشا و لە پەروەردەکردنی خۆیان و ژنان و کچانی تێکۆشەر بە پێی توانا دریغیان نەکرد.

بەگشتی دەکرێ بگوترێ ژنان لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران کە ژنانێکی زۆربۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان، و ژیانێکی ئاسوودە تێیدا بەشداربوون، بەڵام بە پێچەوانەکەی ڕووی دا. لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و دانانی یاسا و ڕێساکانی لەسەر بنەمای شەریعەتیی ئیسلامی، مەزهەبیی شیعەی ١٢ ئیمامی، ماف و ئازادییەکانی ژنان زۆر زەود کران.

ژنانی کورد کە ئەزموونی بناغەیەکی هزری یەکسانخوازییان لە کوردستان هەبوو، زۆر زوو سەنگەری تێکۆشانی خۆیان دیاریی کرد، کە بەشی زۆریان بزووتنەوە نەتەوەییەکەیان، بە ڕێگە چارە و پاڵپشت دەدیت؛ کە تێیدا دەرفەتی تێکۆشانی یەکسانخوازیی، وێڕای خەباتە نەتەوایەتییەکەی هەبوو.

لەو کاتەوە تێکۆشانی سیاسیی و مەدەنیی ژنی کورد بە شێوەی سازمان دراو دەست پێدەکا،چەند دەیەی دوای ئەویش، دەرفەتی گەشەی پێویست بۆ ڕەوتی یەکسانخوازیی زۆر لاوازە. بەڵام لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کچان و ژنان لە دەرفەتە ڕەخساوەکان بە یارمەتی بنەماڵەکانیان زۆر باش پێگەیشتوون و لە بواری یەکسانیخوازیی و فێمێنیستی دا، گەشەی باشیان کردەوە.

کۆماریی ئیسلامی کە نەتەوەی کوردی هەمووکات، وەک مەترسیی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی دیوە، ئاستی پێشێلکاریی و توندوتیژییەکانی زۆر زیاتر لە نەتەوەکانی تر ئەنجام داوە. بۆیە ژن و کچی کوردیش بۆ دەربازبوون لە ستەمەکان خەباتی لێکگرێدراوی نەتەوەیی و یەکسانخوازی هەڵبژاردووە کە ئەوەش لە تێکۆشانی ڕەوتە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگەدا بە نوێترین وێنەی ئەو هاوبەشیانە دەتوانێ بژمێردرێ. لەو ڕەوتە دا، پیاوان و ژنان، کچان و کوڕان پێکەوە و لە بازنییەکی



سەرچاوە Serchawe

هاوبەش دا، کۆدەکاتەوە.

وێنەی ئەو هاوبەشیی و هەوڵ و تێکۆشانانە لەو دوو ڕەوتە گرینگەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم دواییانە دا، هەڵگیرسانی شۆڕشێکی نوێیە کە هەوێن و چەخماغەکەی خوێنی گەشی بە ناحەق ڕژاوی ژینا (مهسا) ئەمینی یە. دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیاندراوێک دا بە پشتیوانی تێکۆشەرانی مەدەنیی لەنیوخۆی نیشتیمان دا، داخوازیی مانگرتنی لە گەلی کورد کرد.

ڕۆژی دووشەممۆ ٢٨ ی خەرمانانی ١٤٠١، سەرەتا مانگرتنی گشتیی و سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان روویدا و ئێوارەکەی نارەزایەتییەکان دەستیان پێکرد و لەسەرشەقام و کۆلانەکان ئەو قەتڵەیان مەحکووم کرد. دواتر نارەزایەتیی نیزیک بە تەواوی شارو شارۆچکەکانی ئێرانی گرتەوە و بوو بە هۆی یەکگرتویی، تا ڕادەیەک زۆری سەرانسەری، گەلانی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دا.

ئێستا ژینای کوردان و مەهسای ئێران و جیهان، بۆتە ڕەمز و هێمایەک بۆ هەموو نارەزایەتییە بەر بەرینەکان. بەو ئومێدەی کە ئەم شۆڕشە نوێیە کە دەکرێ بە "شۆڕشی ژینا" ناوی بەری، بە کەمترین تێچوو، سەرکەتوو بێ و تۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە لایەن گەلانی ئێران بە مێژوو بسپێردرێ.

ئەم وتارە لە ژمارە ٥٨ی گۆڤاری "ژنان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## شۆڕشی ژینا، نوقتەگۆڕانێکی مێژوویی



بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان و شۆڕشەکان لە وڵاتانی دیموکرات و پێشکەوتوو زۆر جیاوازترن لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و دواکەوتوو. ڕەنگە بەشێک لەم جیاوازییانە بگەڕێنەوە بۆ هۆکارەکان و بەستەرەکان و ئاخێزگەی جیاوازییە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، کولتورییەکانەوە. شۆڕشی ئەمجارەی «ژینا» وێنەیەکی جیاوازە لە چاو ڕووداوە هاوشێوەکانی پێش خۆی. تایبەتمەندی و ڕەهەندە نوێیەکانی ئەم بزاوتە وایان کردووە ببێتە نوقتەگۆڕان و دەستپێکی ڕەوتێکی نوێ کە سێبەری لەسەر داهاتووی ئێران و گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی ئەم جوغرافیایە قورسایی دەکات. جیاوازی و بێ وێنەیی ئەو شۆڕشە لەوەدایە کە پاش زیاتر لە ٤ دەیە دەسەڵاتدارییەتی ڕێژیمی ئاخوندی، ئەمجارە ژنانی ئێران، وە بە تایبەتی ژنانی کوردستان، پێشەنگایەتی ئەو شۆڕشەیان بە دروشمی «ژن ژیان ئازادی» کردووە.

ژینا ئەمینی، کچە کوردێکی خەڵکی ڕۆژهەڵات و شاری سەقز، پاش ئەوەیکە لەگەڵ بنەماڵەکەی بە سەفەرێک سەردانی تاران دەکا، تەنیا لەبەر ئەوەیکە تاڵە قژەکانی لە ژێر ڕووسەرییەکەیەوە وەدەر دەکەوێ لەلایەن هێزەکانی «گەشتی ئیرشادی» ڕێژیمی ئێرانەوە دەسبەسەر دەکرێ و پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر گیانی لە دەست دەدا، ئەمەش دەبێتە هەوێنی ڕاپەڕین و خەباتێکی بەربڵاو و بێ وێنە لە ئاستی کوردستان و ئێران.

زیاتر لە سێ مانگە شۆڕشی ژینا لە شکڵ و فۆرمی جیاوازدا، بە ناوەرۆک و پێکهاتەی جیاوازیەوە، لە پانتای کوردستان و هەرێمە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران بەردەوامە، لە ڕوانگەیەکەوە، ئەم ڕوتە ڕوولەگەشەیە، لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا جیاوازیی لەگەڵ هەموو شۆڕشەکانی پێش خۆی هەیە، لە ڕوویەکی دیکەوە، بەدەر لە بایەخ و ئامانجە مرۆیی و ئازادیخوازانەکەی، لە ڕووی پێکهاتە و بەربڵاو و تایبەتمەندییەکانیەوە، شوێنکەوتەی هیچ شۆڕشێکی دیکە لە جیهاندا نەبووە، ڕەهەندی ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ دەرد و ئازارو هاوکات خولیا و ئاسۆی ڕووانینی پێکهاتە و لایەنە بەشدارەکانی بزاوتەکە بەرەو ڕزگاری و ئازادی و تێپەڕینیان لە ستەمی فرەلایەن و چەوساندنەوەی سیستماتیکی ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران.

شۆڕشی ژینا بە ئاماژە و سیمایەکی ژنانە و بە دروشمی»ژن، ژیان، ئازادی» لە کوردستانەوە دەستیپێکرد و هاوکات کۆمەڵێک ڕوانگە و ویست و داخوازی سیاسیی و کۆمەڵایەتی هێنایە گۆڕێ کە یەک لەوان مەسەلەی بێ مافی و ئازادییەکانی ژنان بوو. دەرەنجامی ئەم ڕەوتەش بە پێشەنگایەتی خەباتی ژنان، بوو بەوە کە پرسی ژنان لە ئێران، لە پەراوێزەوە بێتە ناوەندی ئامانج و داخوازییەکان، ئەوەش زۆر زوو سنوورەکانی ئێرانی بڕی و دەرد و ئازارەکانی ژنانی کرد بە پرسێکی پڕبایەخ و جێی سەرنجی ڕای جیهانی و وڵاتان. هەر وەک چۆن بینیمان کە کۆمەڵگەی جیهانی(ناوەندەکانی بڕیار وپەرلەمانی وڵاتان و ڕێکخراوە جیهانییەکان، کەسایەتی و...) لەسەر پرس و مافەکانی ژنان و هەروەها پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ  لە ئێران هاتە دەنگ.

ئامادەبوونی بەرچاوی ژنان لە کوردستان و ئێران لە سەر شەقامەکان، بە دروشمی «ژن ژیان ئازادی» وێڕای ئەوەی کە پاشخانی مێژوویی خۆی هەیە، بەڵام بە هاوکاری و پاڵپشتی و هاوبەشیی پیاوانی کورد بوو کە ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشە گەشەی کرد. ئەگەرچی شۆڕشی «ژینا» شۆڕشێکی فرەڕەهەندە بەڵام توانی بۆ یەکەم جار لە ئێران ئەگەر چی بە شێوەی ڕێژەیی، ببێتە پلاتفۆرمی خەباتێکی هاوشان و هاوبەش چ لە ئاستی پێکهاتە نەتەوەییەکان، چ لە ئاستی توێژ و چینەکانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا.

ئەو شۆڕشە بەو پێشینە مێژووییەی کە لە بەرەنگاری دەسەڵاتە سەرەڕۆکان لە ئێران هەیەتی، داواکارییەکانی خۆی بە ڕوونی هێنایە گۆڕێ و ئەمجارە ژنان بوون کە بە دروشمی «ژن ژیان ئازادی» ئەو ڕەوتە نوێیە لە خەباتییان ئاراستە کرد، بەڵام بەو جیاوازییەوە کە چوارچێوەی ویست و داخوازییەکان لە مافەکانی ژنان و ئازادییەکانیاندا بەرتەسک نەکردەوە و خەباتەکەیان لەگەڵ پرسی شوناس و ناسنامە و ڕوانگەی کوردستانی بوون لێک گرێ دا. لەم دیدەوە، ژنان خوازیاری بنەجێکردنی پرسی یەکسانی و دادپەروەری و بەهاکانی ئازادی و مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانیانن، هەر بۆیەش لە داهاتووی ئێرانێکی دیموکراتیک و سێکۆلاردا، پشکی خۆیان لە دەسەڵاتداریی و بەڕێوەبردنی ئەوە وڵاتە دەوێ، هەروەک

چۆن پشکی بەرچاوی تێچوو و قوربانییەکانی ستەمکاری و داگیرکاری لە ئێرانی هاوچەرخدا وەبەر ژنان کەوتووە.

ئاراستەی ئەو ڕووداوانە تەنیا لە ناوخۆی ئێران نەبوو بەڵکوو گەیشتۆتە وڵاتانی دەروە و چالاکانی کورد و ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتیش بەشێک بوون لەو شۆڕشە و توانیویانە بە ڕێکخستنی خۆپیشاندان و ڕێپێوان وهەروەها نارەزایەتیی دەربڕین لەهەمبەر زەوت کردنی مافەکانی ژنان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە، ببنە نوێنگە و دەنگی پێکهاتە نەتەوەییەکانی سەر جوغرافیای ئێران و سەرنجی زۆرتر بخەنە سەر پرسی ژنان لەم وڵاتە. لەئەنجامدا، کاردانەوەکانیش زۆرتر لە ئاستی حکومەت و کەسایەتییەکان بوون، بە جۆرێک کە ڕۆژانە شاهیدی گوتنەوەی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» و بڕینی قژەکان و پشتیوانیی پارلەمانتاران و سەرۆکی وڵاتانی جیاواز بووین کە ئەوەش لە خۆیدا بناغەی هاوپەیوەندییەکی جیهانیی بۆ خەباتی ژنان لە ئێراندا دامەزراند.

شۆڕشی ناسنامە تەوەر(لە کوردستان) و مافخوازانەی «ژینا» گەڵێک دەسکەوتی کۆمەڵایەتی، سیاسی و مرۆیی هەبوون، بەڵام ئەوی کەمتر ئاماژەی پێکراوە کاریگەرییەکانی ئەو شۆڕشەیە لە سەر چارەنووسی ژنان لە داهاتووی ئێراندا. ئەوەی کە ئێستا زیاتر لەنێو پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێراندا دەورونەخش دەبینی ژنانی ئێرانی بە تایبەتی کوردستانن، کە ڕۆژ نییە لەلایەن دەسەڵاتی ڕێژیمەوە تەنیا بەهۆی ئەوەیکە داوای مافە ڕەواکانیان دەکەن دەسبەسەر نەکرێن و لە سیاچاڵەکانی ڕێژیم ئەشکەنجە نەدرێن. ئەوەش نیشانەی ترسی هەمیشەیی ئەو ڕیژیمەیە لە بزووتنەوەی ژنان کە ساڵانێکە بۆ گەشەنەکردن و بەرەوپێشنەچوونی هەوڵی جۆراوجۆریداوە، بەڵام ئێستا بە هاتنەوە کایەی پرسی ژنان لە فۆرم و ئاراستەی جیاوازدا،بەرینایی و قووڵایی ستەم بۆ سەر ژنانی خستە ڕۆژەڤی ڕای گشتیی و میدیاکانی جیهانەوە، لە گەڵ ئەوەشدا پاڵپشتییەکی بێ وێنەی جیهانی ئازادی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

جێی تێڕامانە کە هەرچەندە شۆڕشی مافخوازانەی»ژینا» لە کوردستان هاتە ئاراوە و تا ئێستاشی لە گەڵدا بێت کوردستان تێچوویەکی زۆری بۆ ئامانجی «ژن، ژیان ئازادی» داوە، بەڵام ڕوانگەی کۆمەڵگەی جیهانیی، جیاوازتر لە خوێندنەوەی ئێمە و واقعی ئەو سەرهەڵدانەیە کە نەزمی جیهانی تەئامول لەگەڵ دەوڵەتەکان دەکا و ئەو شۆڕشەش بە شۆڕشی گەلانی ئێران و بە تایبەتی ژنان دەزانێ و بۆ پاراستنی ئەو دەسکەوتە نێوخۆیی و دەرەکییانە دەبێ ئاگاهانە قۆناغەکانی دیکەی ئەو شۆڕشە بچێتە پێشێ و کورد و ژنی کوردیش بارتەقای قورسایی خۆی لەو وڵاتەدا ئەو جێگە و پێگەیەی شایانی خۆی بەدەست بهێنی..

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## ئەرکەکانمان لە شۆڕشی ژینا



٦مانگ لە شۆڕشی ژینا تێدەپەڕێ، ئەو شۆڕشەی کە بە کوشتنی ژینا دەستی پێکردووە کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە و شەقامەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەژاند و گەیشتە ئاستی جیهانی.

ئەو ڕاپەڕینە سەرلەبەری ئێرانی گرتەوە و توانی بە ڕەهەندە جیاوازەکان داواکارییەکانی هەموو نەتەوەکان لەخۆ بگرێ و ئەو داواکارییانە سنووری ئێرانی بڕی و پانتایی نێودەوڵەتیشی بەخۆوە گرت و بووە هۆی بنیاتنانی پارادایمێکی نوێ کە هەموو چین و توێژەکانی لە دەوری یەک ئامانج کۆکردەوە.شۆڕشی ژینا ئەگەر بۆ ئێمەی کورد خاوەنداریێتی لە شوناسی نەتەوەییمان بوو، توانیشی ببێتە ڕەمزی کۆکردنەوە و یەک هەڵوێستی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێران بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیان.

شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» وێڕای هەموو ئاستەنگەکان چەند قۆناغی بڕیوە و لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکاندا بەردەوامە و ئێستا هەمووان دەرک بەو ڕاستییە دەکەین کە ژنانەبوونی ئەو شۆڕشە و هێما و گوتارەکانی و ڕێبەری کردنی ئەو خەباتە لەلایەن ژنانەوە بەو بەرینییە و کۆکردنەوەی هەموو نەتەوەکانی ئێران بۆ ڕووبەرووبونەوە لەگەڵ زوڵم و ناحەقییەکانی ڕژیمی ئێران بوو کە توانی سەرەنجی دونیای نێودەولەتی زۆر زوو بۆلای خۆی ڕابکێشێ و جێی پەسەند بێ.

شۆرشێک کە لەهەمان خاڵی جیاکەرەوەوە و فەرەنەتەوەیی بوونی ئێران و جیاوازی داواکاری و بیروبۆچونەکان، دەستی پێکرد و لە هەمان شوێن هەمووانی لەدەوری یەک کۆکردەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین شۆرشی «ژن ژیان ئازادی» مۆدیرنترین شۆرشی ئەو سەردەمەیە کە سەرەڕای ژنانەبوونی توانیوییە هاوکات مافە یەکسانی و نەتەوەییەکانی بێنێتە گۆڕێ و لە بواری هزری و سیاسییەوە ڕێنێسانس بکات. ئەگەرچی ئەو شۆرشە تەنیا فمنیستی نەبوو، بەڵام دەتوانێ بە مۆدێلی نوێی خۆی ئولگویەک بێ بۆ هەموو ژنانی جیهان و شۆرشی فمینیستی بردۆتە قۆناغێکی دیکە و بە گرینگییەوە دەبێ سەیر بکرێ. قورسایی ئەو شۆرشە و قوربانیدانی لەسەر شانی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت ژنانی کورد بووە کە ئەو ڕەوتە لە بەرنگاری لەگەڵ سەرکوت و تواندنەوە لەلای ئێمەی کورد هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەوە دەستی پێکردووە هەرئەو بناغەیەش بووەتە هۆی ئەوەی لەو قۆناغە نوێیە لە خەبات دا ژنانی کورد مۆرکی خۆیان لەو شۆرشە بدەن و جێی پەنجەیان دیاربێ. ژنانی مافخوازی سەرشەقامەکان، دایکانی شەهید، هاوسەر و خوشکی شەهید بە هەڵویستەکانیان شوناسێکی مۆدێرن و کوردی بەو شۆرشە بدەن کە ئەوە ئەرکەکانمان قورس دەکا و دەبێ لە بەرانبەر خوێندنەوەکان هەستیارتر بین.

خاوەنداریێتی لە شوناس و کەرامەت کە پەیامی ڕوونی شۆرشی «ژن ژیان ئازادییە»، پێویستە وەک خۆی بچێتە دەرەوەی بازنەی ئێران و ئێستا کە کۆمەڵگەی جیهانی بە ڕێزەوە گوێ لەو داواکارییانە دەگرێ، دەبێ یەکگرتوو یەک دەنگ بۆ ئامانجەکانی ئەو شۆرشە هەوڵ بدەین و ئێستا کە مێژووی ئەو ئازایەتییانە دەنوسینەوە هاوکات بۆ پاراستنیشیان لەئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی هەوڵ بدەین.

دەبینین لەدوای شۆرشی ژینا لایەنە سیاسییەکان لە گۆرەپانی نێودەوڵەتیدا هەوڵی لێک نیزیکبوونەوە و ڕێکەوتنێک دەدەن کە لەو پێوەندیەشدا کۆمەڵێک مەنشوور دەرچوون کە تا ئێستاش هیچیان نەیانتوانیوە وڵامدەری ویستەکانی خەڵک بن، بەڵام ئەوەی خاڵی جێی سەرەنجە غایب بوونی ژنانی بە گشتیی لەو گۆرەپانەیە و ئەوەندەی کە پێویستە نەتواندراوە کەڵک لە توانایی ژنان لەو بەشە وەرگیردرێ و هاوبەشی ژن و پیاوی کەمتر پێوە دیارە کە ئەو هاوبەشی و یەکگرتوویە لە پەیامە سەرەکییەکانی شۆرشی «ژن ژیان ئازادی»یە.

ئێستاکە ئەو دەرفەتە جیهانییە بۆ هێنانەگۆڕێی ویست و داخوازییەکان هەیە، پێویستە ژنانی ئێرانیش لەسەر بنەمای خاڵە هاوبەشەکان لەدەوری یەک کۆببنەوە و بۆ داهاتووی ئێران ئیئتلاف پێک بێنن و داخوازییەکانیان بە شێوەیەکی نوێخواز و مۆدێرن کە لە پەیامەکانی شۆرشی ژینا و داواکاری خەڵک هاتبوو، کۆبکەنەوە و هەوڵ بدرێ ئەو داواکارییە هاوبەشانە هاوشان لەگەڵ ئەو مەنشور و بڵاوکراوانەی دێنە دەرێ، بچێتە پێشێ.

بێگومان ڕێکەوتن یان مەنشورێک کە بتوانێ سەرکەوتوو بێ پێویستە ڕێکخراوە مەدەنیی و سینفییەکان کە چین و توێژەکانی لەخۆ گرتووە، وێڕای هێزە سیاسییەکان تێیدا بەشدار بن و لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ئەو شۆڕشە و گونجاندنی داخوازییەکانی خەڵک بازنەی ئەو ڕێکەوتنە گەورەتر بکرێتەوە تا هەموو لایەکانی ئێرانی نوێنەری نەتەوەکانی تێدا جێ بکرێتەوە و لەوێدا ڕێز لە مافەکانی هەمووان بگیردرێ. ئەوەی کە لەگەڵ ئەو خاڵانەی باسمان کرد دەتوانێ مافەکانی ژنان لە داهاتووی ئێران مسەوگەر بکا، لەمەیداندا بوون و یەکگرتوویی ژنانە.

**پیرۆز بێ شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»**

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠٢٣

## لە «حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان»، هەتا «شۆڕشی ژینا»



**دیمانە: شەهلا حاجی ڕەحیمی**

**لە بەرەبەری ٢٤ی ڕەشەمە و ٧٧ ساڵ تێپەڕین بەسەر دامەزراندنی یەکەمین ڕێکخراوی ژناندا لەلایەن پێشەوای مەزن قازی محەممەد و هاوژینی خاتوو مینا ئەسکەندری لەلایەن گۆڤاری «ژنان»ـەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوونان شنەدرووودگەر و موژگان عەلیپوور سکرتێر و ئەندامی ڕێبەری ئەو ڕێکخراوەیە دەبێ**

**شەهلا حاجی ڕەحیمی:** **٧٧ ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی ژنانەدا تێدەپەڕێ و هەتا ئێستا ئەو ڕێکخراوەیە لەسەر پێ بووە، بەبڕوای ئێوە کاری ئەو کاتی بەڕێوەبەران و پێکهێنەرانی ڕێکخراوەیەکی ئاوا کە ژنان بێنێتە گۆڕەپانی ژیان و لەماڵێییان بێنێتە دەرێ چ سەختی و ئاستەنگەلێکی بووە؟**

**موژگان عەلیپوور**: دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی تایبەت بەژنان لەو سەردەمە کە ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگە بۆ بەشداری ژنان لە کاروباری وڵاتدا زۆر لەخوارێ بووە، شاکاری یەکەم حکومەتی کوردی و زانایی سەرۆککۆماری ئەو حکومەتە، پێشەوا قازی محەممەد بووە.

بێگومان دامەزرانی ڕێکخراوێک کە ژنان لەکومەڵگەیەکی پیاوسالار هان بدات بۆ هاتنە دەرەوە و خوێندن و بەشداری لە کاروباری سیاسی، ئاسان نەبووە و یەکەم بەربەست ئەو بیرە کۆنە و چەقبەستوویە بووە کە بە ئاسایی نەبینراوە کە ژنان کاروباری ڕێکخراوەیی بکەن، بەڵام ئەوەی پێشەوا قازی محەممەد لە بنەماڵەی خۆیەوە ئەو هەنگاوەی هەڵگرت و ڕچەشکێنییەی کرد توانی کاریگاری باشی هەبێ بۆ پێوەستبوونی ژنانی دیکە و ئەگەر بیتوانیبایە بەردوام بێ و درێژە بە چالاکییەکانی بدا بێگومان پەلوپۆی دەهاویشتە شارەکانی دیکەی کوردستانیش و هەنگاوی گەورەی هەڵدەگرت.

**شەهلا حاجی ڕەحیمی**: بەبڕوای ئێوە لەم سەردەمەی ئێستادا ڕێکراوی «یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران» لەو شۆڕشەدا کە بەناوی شۆڕشێکی ژنانە و شۆڕشی ژینا ناسراوە، توانیوێتی هاوسەنگ لەگەڵ ویست و خواستی ژنانی کوردستان و ئێران جێی خۆی لەنێو ئەواندا بکاتەوە؟ و تا چەندە لەو بوارەدا سەرکەوتوو بووە؟

**موژگان عەلیپوور**: شۆڕشی ژینا شۆڕشێکی هەمەلایەنگیربوو و تەنیا تایبەت نەبوو بە ژنان و مافەکانی ژنان و دەتوانین بڵێین شۆڕشێکی ژنانە بوو کە بە سیما ژنانەکەی ویست و داخوازییەکانی هەموو چین و توێژەکانی لەخۆگرتبوو و هەرئەوەش بووە هۆی گشتگیربوونی ئەو شۆڕشە.

ژنانی کوردستان لەو شۆڕشە مێژوویەکی جیهانییان تۆمارکرد و زۆر باش توانیان ویستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەو شۆڕشە بێننە گۆڕێ و زۆرێک لە سنووربەندییەکانیان شکاند و توانیان خەباتی یەکسانی و مافخوازی پێکەوە گرێ بدەن و ئەو داواکارییانەش بگەیێننە ئاستێکی نێودوڵەتی و ئولگویەکی باشیش بوو بۆ ژنانی ئێران ونەتەوەکانی دیکە کە ئەوانیش خواستەکانیان بەرۆژتربکەن و بیهێننە گۆڕێ.

ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان لەهەموو ئەو دەرفەتانەی کە لە وێستگە جیاوازەکانی خەباتی خۆی هەیەتی، کەڵکی وەرگرتووە تا خزمەت بە شۆڕشی ژینا و پەیامەکانی ژن ژیان ئازادی بکا.

بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و هاوسەنگ بوون ڕێگەیەکی دوورودرێژمان لەپێشە کە ڕێکخراوی یەکیەتی ژنان بەپێی پلان و بەرنامەکانی دەچێتە پێشێ و هەوڵ دەدا جێ پەنجەی بە ڕووداوەکانەوە دیاربێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## ئالەنگارییەکانی بەردەم بزووتنەوە "شۆڕش"ی ژینا



"ژن ژیان ئازادی" ئەو هاوارەی کە لەکاتی ناشتنی ژینا کچە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر زوو بوو بە دروشمێکی گشتگیر، زۆری پێنەچوو بوو بە مانیفێستێکی شۆڕشگێڕانە بۆ خەڵکانی ڕاپەڕیوی سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرانسەری لە ئێران دا.

پاش تێپەڕینی زیاتر لە ٦ مانگ لەو سەرهەڵدان و شۆڕشە کە لە ئاشتی جهانینیش پێشوازیی و پشتیوانی لێکرا، تا ئێستاش بەشێوەی جیاواز و بە فۆڕمێکی دیکە بە بەرئاوەرد لەگەڵ پێشوو لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنی، پتر نارەزایەتیی و مان گرتن دا، بە شێوەی دوورگە (جەزیرە)یی بەردەوامە.

بەڵام کۆمەڵێک ئاستەنگ وایانکردوە کە ئەو بزووتنەوە و شۆڕشە جۆرێک کەم ڕەنگی و جۆرێکیش بەلاڕێ دابردنی دەچێ. لە سێ چوارمانگی سەرەتایی ئەو بەڕێوەچوونی نارەزاییەتییەکان قورسایی پترلەسەر زۆربەی شار، شارۆکە و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بلووچستان بووو وتێچوویەکی زۆریان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران داوە. واتە نەبوونی هاوسەنگیی ناوجەکانی دیکەی ئێران یەکێک لە گەورەترین ئالەنگارییەکان بووە. هەرچەند لە تاران و شارە گەورەکانی دیکە لە زانکۆکان مانگرتن و نارەزایەتییکان بەربەرین بوون و نارەزایەتی گەلێکی گرینگ و شەقام و ساڵۆونەکانی

خواردەمەنی و شوێنی کۆبوونەوەکان ئەنجام دران، کە ئەوانیش جۆرێک ئەرک وەخۆ گری بوون و کاریگەری زۆر باشیان هەبوو.

پێویستە ئاماژە بە نوێژی هەینی بەلووچستان وەک مەیدانێکی بەهێزی شۆڕش و خوتبەکانی بەڕێز مەولەوی عەبدولعەزیز کە بەشێکی دیکە لە دەنگی زوڵاڵی سیاسی، فەرهەنگیی، کۆمەڵایەتیی و تەنانەت مەزهەبیی پەراویزخراوی گەلانی ماف پێشێل کراو، بووە و هەیە بکەین.

لە ئێستا دا، نەبوونی ڕێبەریی ئەو بزووتنەوەیەی تووشی جۆرێک لە قەیرانی بەڕێوەبردن کردوە. ئەگە سەرتا نەبوونی ڕێبەریی خاڵی بەهێزی ئەو ڕاپەڕینە دەبینرا، ئێستا دەتوانێ خاڵی لاواز بێ. نەبوونی پێوەندی پتە و بەردەوام بۆ بەڕێوەبردن لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوە دا، کاریگەریی نەرێنی لەسەر بەردەوامی بەربەرینی ئەو شۆڕشە لەنێو خۆ داناوە. لە ڕەوتی مەنشوورەکان، ئاڵترناتیڤ سازیی و پێکهێنانی هاوپەیمانی لە نێوان هێز و کەسایەتییە سیاسییەکان لە دەرەوەی وڵات، و پاش هەوڵەکانی نەتەوەخوازە تەواوییەت خوازە فارسەکان، کۆبوونەوەی زانستگەی جورج تاونی ئەمریکا، کە لە کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی، مافناس، هەواڵنێر و سلیبریتی جیاوازبیر پێک هاتبوو، ناکۆکیی لێکەوتەوە. بەتایبەتی بەشداریی لایەنێکی کوردی لە نێو ئەو کۆبوونەوە و دواتر مەنشوورەکەی، نیگەرانییەکی زۆری لەنێو خەڵک بۆ داهاتووی ئێران و سیستێمی سیاسییەکەی دروست کرد.

سەرکوت و زەبر و زەنگ کە ناسنامەی چەندین ساڵەی کۆماری ئیسلامییە و تێچووی بەشداریی لە ناڕازایەتییەکانی زۆر بەرز کردۆتەوە، بۆ پێشگرتن لە ناڕەزایەتییەکان، لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی، ڕێژیمی ئێران ئەگەر بۆ کورت ماوەش بێ توانیویەتیی بە گرتنی ڕێژەیەکی بەرچاو لە خەڵک و کوشتن و لە سێدارەدانی ناڕازییان، و تەنانەت دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر زیندانیان، دڵەڕاوەکێ لەنێو خەڵک دا، دروست بکا.

نەبوونی پشتیوانی دەرەکی، و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەتایبەت ئامریکا و نەبوونی هەنگاوی جیددی بۆ پاشەکشە کردن کۆماری ئیسلامی لە جینایەتەکانی، وایکرد کە بۆ ماوەیەکی کاتی نەڕازایەتییەکان لە کزی بدەن، و دەرفەت بە کۆماری ئیسلامی برخسێنن کە لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان بکەونەوە دانوساتان و کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتە وەربگرن و ئەوەش ورەیەکی بە هێزەکانی سەرکوتکاریی کۆماری ئیسلامی داوەتەوە.

نەبوونی هاوئاهەنگیی پێویست و هاوپەیمانی کۆهەڵویستی هێزە کوردییەکان، یەکی دیکە لە خاڵە لاوازەکانی ئێستایە. سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە لە کوردستانەوە و دروشمی ژن ژیان ئازادی هەموو گەلانی ئێرانی بۆ داوای ویست و داخوازەکانیان تا ڕادەیەک لە دەوری یەک کۆکردەوە و چاوەڕوانی و هیوا و ئومێدەکان بە حیزبە کوردییەکان لە ئاستی هەموو ئێران دا،

دەبینرا. بەڵام تا ئێستا نەتواندراوە کە بەرەیەکی نەتەوەیی گشتگیر پێک بێنن کە بتوانن لە بەرانبەر پاوانخوازان (تمامیت خواهان) فارس دا، کۆ دەنگ بن.

بزووتنەوە و شۆڕشی ژینا دەستپێکی قۆناغی ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە. بەڵام بە پێی تێپەڕینی کات و سناریۆکانی کۆماریی ئیسلامی بۆ مەهارکردنی ئەو بزووتنەوەیە، پێویستە گوتارەکان بگۆڕدرێن و هەتا وڵامدەری ویستە نەتەوەییەکانیش بن. دروشمی ژن ژیان ئازادی لە سەرانسەری ئێران، بە زمانەکانی فارسی، تورکی، بەلووچی و تورکمەنی گوترانەوە، کە نیشانەی خۆ دیتنەوە لەو مانیفێست و نخشە ڕێهەیە دایە. بەڵام ئێستا لە ئاستی سیاسی دا، هەروەک گوترا، خەریکە بە لاڕێ دا، دەبرێ و تەنیا وەک ویستی ژنان بۆ یەکسانی و ئازادی خەڵک قبووڵ دەکرێ، کە دێتە سەر پرسی نەتەوەیی و شوناسخوازی بە ناوی "حفظ تمامیت ارضی" چاوپۆشی لە مەسەلە نەتەوەییەکەمان دەکرێ و دانی پێدانانرێ.

کەوایە ئەو شێواز و فۆرمی بەرەوپێشچوونە پێویستی بە ئاڵوگۆڕە، و ڕێبەرایەتیی کردنی نوێی دەوێ. بە ئاماژە بە چەند خاڵی سەرەکی وەک بەربەستەکان بۆ بەردەوامی دەتوانیین بڵێین کە: سەرەڕای ئەوەی لەو بزووتنەوەیە دا، تێچوویەکی زۆر دراوە، ئەگەر خاڵە لاوازەکان چارەسەر نەکرێن، تەمەنی ئەو ڕێژیمە درێژتر دەبێتەوە.

ئەو خاڵانە دەتوانن بۆ داهاتووی ئەو بزووتنەوەیە گرینگ بن.

* پێکهێنانی هاوپەیمانی لە دەرەوەی وڵات و پێوەندی و هەوئاهەنگی لەگەڵ نیوخۆ.
* هێنانە سەر هێڵی کۆمەڵگەی جیهانی و پاڵپشتی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی لەو بزووتنەوە.
* بەهێز بوون و یەکگرتوویی هێزەکانی ئاڵترناتیڤ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئەپریلی ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe

## هێژمونی فێمینیزمی ناوەندگەرا لەسەر فێمینیزمی کوردی



بێگومان ژینا ئەمینی تەنیا ژنێک نییە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی مافی پێشێل کرابێ و کۆتا کەسیش نابێ بەڵام قەتڵی حکومەتی ژینای ٢٢ساڵە لەتاران و سەرهەڵدانی شۆرشی «ژن ژیان ئازادی» خاڵێکی وەرچەرخان لە بزوتنەوەی ژنان لە ئێران بوو و هاوکات ئەزمونێکی تری ژنانی کورد بوو لە ڕەوتی خەباتی یەکسانیخوازی و نەتەوەییدا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەزمونی زیاتر لە یەکساڵی ڕابردوو دەبینین کە بیری تەسکی ناوەندگەرایی باڵی بەسەر هەموو جومگەکانی کۆمەڵاتیی و سیاسیی لە ئێراندا کێشاوە بە جۆرێک کە لە شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» سەرەڕای بەشداری بەرچاوی ژنانی کورد و شوێندانەرییان لە نارەزاییەتییەکان، ژنانی ئێرانی نە تەنیا ژنی کورد و فیمینزمی کوردیان نادیدە گرت بەڵکوو بۆ دفاع لە ژینا ناسنامەی کوردیان لێ داماڵی و بێ لەبەرچاوگرتنی بواری نەتەوەیی، جوغرافیای ژیان، مێژوو، زمان و.... فیمینستە ناوەندگەراکان تەنها وەک «مەهسا» کچێکی ئێرانی کەڵکیان لەو بابەتە وەرگرت.

بەو پێیە دەتوانین بڵێین کە فیمینیستە فارسەکان لە هەوڵێ سەپاندنی تاک ناسنامەیی وەک ئێرانی بوون دەدەن و وەک شاهید بووین ئیتنیکی زاڵی فارس، خەباتی ژنانی کورد دژی هەڵاواردنی ڕەگەزییان بە مەبەستی سڕینەوە و هاوئاستکردنی خەباتی مێژوویی کوردەکان بۆ مافە نەتەوەیی، ئایینی و زمانییەکانیان بەکار هێنا و کاتی شۆڕشی ژینا بە

بەرتەسککردنەوەی ویستەکان، مەسەلەی حیجابییان وەک داواکاری هاوبەشی تەواوی ژنانی ئێران هێنایە گۆڕێ کە پێیانوابوو کە بە چاکسازی سیاسی و دابینکردنی مافە مەدەنییەکان و گەڕاندنەوەی ئازادی تاکەکەسی کێشەی خەڵک لە ئێران چارەسەردەبێ. لە بنەڕەتدا ئەوان نایانهەوێ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە ئێراندا پێک بهێنن و دان بەمافی نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا بنێن، بەڵکوو لە فکری جێگۆرکێی دەسەڵاتن.

بەو کورتە ئاماژەیە دەبێ بپرسین کە کاردانەوەکانی ژنی کورد دەبێ چ ببن و بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ سیاسەتی یەکدەست کردن و سڕینەوەی ئەوانی دی؟

ئەگەرچی ژنانی کورد بەبەراوەرد بە ژنانی نەتەوەکانی دیکە زۆرترین بەشدارییان لە بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕەهەندی جیاوازەکاندا بووە و کاریگەری زۆریشیان داناوە بەڵام بەهۆی هەڵکەوتەی جوغرافیایی و ستەمی دەسەڵاتداران ئەو هەوڵانە بڵاو و پەرتەوازەبوون و خەباتەکەیان فۆرمێکی یەکدەستی نەگرتووە و ژنی کورد تا ئێستا نەیتوانیوە وێژمانێکی فیمینیستی ڕوونی ببێ، بۆیە ژنی کوردیش وێڕای خەباتی نەتەوایەتی بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکان و تایبەتمەندییە کەلتووری، فەرهەنگی و ئابوری و سیاسییەکەی پێویستە پێناسەی نوێ و دروست لە فیمینیزمی کوردی بکات کە هەڵگری پێناسەی شوناسی بێ و مافەکانی دابین بکات.

نەوەتەی کورد بەدرێژایی مێژووی خۆی کاریگەری نەتەوەکانی فارس و عەرەب و... بەسەرەوە بووە و ئەوە لە بواری خەباتی یەکسانیخوازیش ڕەنگی داوەتەوە وەک لەسەرەوە باسمان کرد لەلایەک فیمینیزمی فارس لە ئێران تا ئێستاش لە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەیی ژنانی کورد دایە و تێدەکۆشێ بۆ فیمینیزمێکی ناوەندگەرا، لەلایەکی دیکەوە بەشێکی دی لە ژنان لە ئێران و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر کاریگەری بیری چەپدا فیمینیزمی کوردی دەخەنە پاڵ خەباتی جیهانی ژنان و بە ناوی گشتگیرکردنی ئەو پرسە، خەباتی ژنی کورد لە بیری نەتەوەیی دەسڕنەوە. وجیاوازییەکانی پشتگوێ دەخەن کە ئەو جۆرە ڕوانینەش خەساری لە بزوتنەوەی ژنی کورد داوە. بۆ نموە پێشکەش کردنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بە خاتوو نیرگز محەممەدی کە لە بنەڕەتدا لە جێی خۆیدا نەبوو چون بە هەزاران زیندانی سیاسی کورد لە ئێراندا هەن کە زۆر زیاتریان حوکم پێدراوە، زێنەب جەلالیان نموەی ئەو ژنانەیە، لە ڕوویەکی دیکە کە چاو لە هەڵسوکەوتەکانی خاتوو نیزگز بکەن لە درووستکردنی دیکۆمێنتاری دوو ساڵ پێشی لەسەر دۆخی زندانیانی سیاسی کە کاریگەری زۆری دانا بۆ ناساندنی خۆشی، ناوی یەک زندانی سیاسی کورد ناهێنێ لە حالێکدا لەو کاتەدا باسی زیندانیکردن و حوکمی ناڕەوا لەسەر مامۆستا زارا محەممەدی و موژگان کاووسی باسێکی گەرم بوون، لەپاش پێدانی خەڵاتەکەش میدیایەکی بەهێزی لە پشت بوو تا چەند و چۆنیەتی ئەو خەڵاتە هەڵسەنگێنێ و ڕوماڵی بکا. بەپێچەوانەکەشی لە بەخشینی خەڵاتی ساخارۆف بە ژینا ئەمینی نە ئەو پاڵپشتییە میدیاییە هەبوو نە پشگیری خوشکانی فارس. کەوایە ژنی کورد دەبێ وشیارانە لەو

پێوەندییە هەنگاو بنێن و کاتێک باس لە فیمینیزمی کوردی و خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات دەکا بە ڕۆحێکی کوردستانییەوە لە بابەتەکە بڕوانێ.

کەوایە بەو ئەزموونانەی هەمانە دەبێ هەوڵی زیاتر بدەین بۆ درووست پێناسە کردنی و خۆمان وسڵ نەکەینەوە لە خستنەڕووی جیاوازییەکانمان لەگەڵ ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، چون لە ڕاستیدا ئەوەی سنووری نێوانمان دیاری دەکا هەمان جیاوازی مێژویی تێکۆشان، زمان و کەلتوور و... نەیە. ئەوەش بەو مانایە نییە کە ژنی کورد بەتەنیا پێیوابێ دەتوانێ لە ئێران خەبات بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی بکات، بەڵکوو پێیوایە کە بە ناسین و ڕێزگرتن لەو جیاوازییانەی ژنانی نەتەوەکانی ئێرانە کە ئاسۆی خەباتی ژنان لە داهاتووی ئێراندا ڕوون دەبێ.

چون ژنی کورد خەباتەکەی تەنیا یەکسانیخوازی نەبووە و مەسەلەی شوناسخوازی هەمووکات بۆی بابەتێکی سەرەکی خەباتەکەی بووە و پێیوایە کە تا سەروەری نەتەوەیی نەبێ وەک ڕەگەزیش مافەکانی دەستەبەر نابێ. کەواتە خەباتی ڕزگاریخوازی و یەکسانیخوازی بۆ ژنی کورد لێک گرێدراون و زۆر جاران کار لێکدەکەن. نموونەی بەرزی ئەو خەباتە شۆڕشی ژینا بوو بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕەهەندەکانی هەر لە کوشتنی ژینا تا هاتنە مەیدان و پێشەنگایەتی ژنان، ئەکتی هاوکاتی شوناسخوازی و یەکسانیخوازی بوو. دیتنمان بەو دیدە و بەو پێناسەیەیەکە دەتوانێ زەمانەتی بنیاتنانی حکومەتێکی دێموکراتیک لە ئێراندا دەکا.

هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئێران کوردیان وەک مەترسییەک بۆ هەڵوەشانی قەوارەی ئێران دیوە بۆیە سیستمی سیاسی ئێران لە زۆر بوار هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەی کوردی لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە داوە و بۆ ئەو بابەتەش سەرمایەی زۆری داناوە و بەڵام لە بەرانبەردا کۆمەڵگەی مەدەنی بەرپەچی سیاسەتە دژە کوردەکانی داوەتەوە و بە دامەزراندنی ڕێکخراو و کۆمەڵەی جیاواز خزمەتی بەرچاویان بە کۆڵەکەکانی شوناسی نەتەوەیی کردووە کە ژنانی وەک مامۆستا زارا محەممەدی و موژگان کاووسی و فەریدە وەیسی نموومەی زیندووی ئەو ژنانەن کە ئەرکی زۆری پاراستنی ئەو شوناسەیان هەڵگرتووە و تێچووی زۆریشیان بۆ داوە هەر بۆیە جارێکی تر و لە بنیاتنانی دەسەڵاتێکی دیکە لە ئێراندا ئەو هەڵاواردنانە قەبوڵ ناکەن و بێ شک مۆرکیان بەڕوداوەکانی داهاتودا دیارتر دەبێ، هەر وەک لە دوایی سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شاهیدی بووین.

لەگەڵ ئەوەی ژنانی کورد لە چوارچێوەی ڕێکخراو و حیزبدا و چ وەک تاک ڕۆڵی باشیان گێڕاوە بەڵام بە هەموو ئەو هۆکارانەی باسکران ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە تا ئێستاش ژنانی ناوەندگەرا تا ئاستێک مەیداندای ئەو پرسە بە تایبەت لە ئاستی جیهانیدا دەکەن. ئەرکی سەرشانی ژنی کوردە کە هاوکات لە ئیدامەی شۆڕشی ژینا بە ناسنامەی کچێکی کوردەوە کار بۆ بەرەوپێشبردنی بکا و هەم بتوانێ پێوەندی خۆی لەگەڵ ژنانی نەتەوە جیاوازەکان قوڵتر بکاتەوە و ڕۆحی

هاوکاری لە نێویاندا بەهێزتر بکا تا بتوانێ ئاسەواری هێژمونی دەسەڵاتی زاڵ لەسەر ژنانی ئێران کەم بکاتەوە. لەبیرمان بێت کە شۆرشی ژینا گەلێک دەسکەوتی هەبوون کە بەرزبوونەوە وشیاری سیاسی نەتەوەکان یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکانی ئەو دەسکەوتانە بوو کە دەکرێ لەو سۆنگەیەوە ژنی کوردیش دۆستی خۆی ببینێتەوەی و نەیارانی کەمتر بکاتەوە، دیدی دونیای نێونەتەوەیی بە نیسبەت پرسی ژنان لە ئێران ئالوگۆری زۆری بەسەر داهاتووە کە ئەوەش دەتوانێ دەرفەتێک بێ تا ژنانی کورد هاوکات لەگەڵ مەسەلەی ستەمی ڕەگەزی، ستەمی نەتەوەییش بێننە گۆرێ چون ئەو بابەتە بۆ ژنانی کورد ئاوێتەی یەکن.

بەڵام بۆ چڕترکردنەوەی ئەو هەوڵانە و پێکهێنانی گوتارێکی هاوبەشی ژنانی کورد سەرەتا پێویستە کە ڕێکخراوەکانی ژنان ئاستی پێوەندی و کاری هاوبەشیان لەو پێوەندییە پەرە پێبدەن چونکە بەداخەوە لە شۆرشی ژینا ئەو ڕۆڵەی کە بە هاوبەشی دەبوو بیگێرن و یەکگرتووانە دەنگی ژنانی شەقام بن لە ئاستی جیهانیدا، نەیانتوانی و ئەمەش بۆخۆی خەسارێکی ترە.

بابەتێکی دیکە قوڵبوونەوە بۆ چەقی خەباتی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ڕوداوەکان لەوێ ڕوودەدەن و لەوێش چارەسەر دەکرێن. دیاربوون و ڕێبەری کردنی سەرهەڵدانەکان لەلایەن ژنان و دروشمەکانی شۆرشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسن بۆ سەلماندنی ئاستی وشیاری خەلک و دیتنی ئەو هێز و پۆتانسییەلە کە پێماندەڵێ نەسلێکی نوێ بۆ گۆڕانکاری لە ئێراندا لەسەر خەتن. نموونەی زیندوی ئەوانەش گوشارەکانی ڕێژیمە بۆ سەرچالاکانی مەدەنی لە ماوەی ڕابردوودا کە هەرکام بە بیانوویەک و بە وەپاڵنانی تۆمەتێک حوکمی ناڕەوای بەسەردا سەپاندوون کە لە ڕاستیدا بۆ کپکردنی ئەو دەنگە ئازادیخوازانەیە.

بەو ئاوردانەوەیە لە شۆرشی ژینا و خەباتی ژنان لەو پێوەندییەدا دەبێ بڵێن کە تێکۆشانی ژنان لە ئێران و بەتایبەت لەڕۆژهەڵاتی کوردستان چووەتە قۆناغێکی نوێوە کە پێویستە ژنانی کوردیش بە خوێندنەوەی سەردمیانە و واقعبینانە، یەکگرتوانە بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠٢٣

---

## مۆرکی کوردی لە توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان نەدەین



ژنانی کورد وەک هەموو ژنانی دیکەی جیهان مێژوویەکی دوورودرێژیان لە خەبات و تێکۆشان بۆ دەستەبەربوونی ماف و ئازادییەکانیان هەیە وهەڵکەوتەی جوغرافیایی و حکومەتداری دەسڵاتدارانی دیکتاتۆریش لەو ناوچەیە وایکردووە کە ناچار بن هاوکات لە دوو سەنگەری خەباتی نەتەوەیی و خەباتی یەکسانیخوازی بچنە پێشێ کە بێگومان ئەوە کارێکی ئاسان نییە و زۆر جاران بە هۆی زاڵبوونی دۆخی ئەمنی و سیاسی کارکردن لە بواری یەکسانیخوازی کەمرەنگتر بۆتەوە.

ئەوەی لەو بابەتە تیشکی دەخرێتەسەر لایەنی یەکسازیخوازییە کە ڕوانینمان بۆ ئەو بابەتە ڕێگە چارەکان ومیکانیزمەکانیش دەگۆڕێ و دەتوانێ هاوکات جۆرێکیش تێکهەڵکێش لە خەباتی نەتەوەکەی بکرێ و یارمەتیدەرێکی باش بێ بۆ ڕوبەروبونەوە لەگەڵ داگیرکەران. چونکە دەسەڵاتی زاڵ بەسەر کوردستاندا هەمووکات هەوڵی ئەوە بووە کە بابەتی یەکسانیخوازی زیاتر گرێ بداتەوە بە کەلتووری کورد و شێوازی ژیان و داب و نەریتی تایبەت بە کورد لە کوردستان تا ڕۆڵی خراپ و تێکدەرانەی خۆی لەو پێوەندییەدا بشارێتەوە.

هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ئێران بابەتێکی بەرچاوە وهەر لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئەو هەڵاواردنانە بە یاسایی کراون و پێشێلکارییەکان و توندوتیژییەکان نەک لێپرسینەوەیان لێ ناکرێ بەڵکوو پشت قایم بە دەسەڵاتی دژە ژنی



سەرچاوە
Serchawe

ڕێژیمی ئێرانن. ئەو پرسە بۆ ژنی کورد بارێکی گرانترە چونکە هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە چوارچێوەی ئێراندا دەژی و ئەو یاسایانە دەیگرێتەوە، وەکوو ژنێکی کوردیش چەند قات زیاترمافەکانی پەراوێز و پشت گوێ دەخرێ. چونکە ڕێژیمی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری وە کوردستان و نەتەوەی کوردی پێ هەڕەشە بۆسەر دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکەی بووە، بۆیە ئاستی سەرکوت و توندوتیژییەکان لە کوردستان زۆر زیاتر لە ناوچەکانی دیکە بووە.

بەڵام کاتێک دێینە سەر باسی توندوتیژی و خەبات لە دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ئێران پێویستە زۆر وشیارانەتر لێکدانەوەی بۆبکەین و شرۆڤە بکەین و ئەوکات ڕێگەچارە بگرینەبەر. هەمووان دەزانین کە هەڵاواردنی ڕەگەزی بابەتێکی جیهانییە و تەنیا تایبەت بە کورد نییە و بەڵکوو لەنێو کورد بەهۆی هاوخەباتی ژن و پیاو پێکەوە لە بوارە جیاوازەکان، زۆر لە نەریتەکان و کاریگەرییە خراپەکانی سیاسەتی ڕێژیم لادراوە. زۆر جار لە نووسین و لێدانەوەکانمان ئەوەندەی کۆمەڵگەی کوردی و پیاو و ژنی کورد دەدەینە بەر ڕەخنە، داڕێژەرانی ئەو سیاسەتە لەبیر دەکەین و ئەوە مەیدانی خەباتی ئێمە دەگۆڕێ و لە ئامانجەکەمان دوورمان دەخاتەوە.

لەبیرمان بێ کە ئێمە لە ژێردەسەڵاتی حکومەتێکی داگیرکەردا دەژین کە بە دارشتنی یاسا بەپێی شەرعی ئیسلام ژنانی کۆت و بەند کردووە و ساڵانێکە ژنانی لە مافی بەشداری کردنی سیاسی و مافی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستە باڵاکان، حەقی تەڵاق، حەزانەتی منداڵ و وەرگرتنی پاسپۆرت و سەفەر بێ ئیزنی باوک، مێرد یان برا.... بێبەش کردووە و دەیان بابەتی دیکەش لەو پێوەندییە وەک حیجابی زۆرەملیش هەن کە تا ئێستاش و دوای زیاتر لە ٤ دەیە ململانەی لەنێوان ژنان و حکومەتداران درووست کردووە. ئەو یاسایانە و توندوتیژییەکان لە ئێران لە ژووره فکرییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە مودیرییەت دەکرێ و بۆ هەموو جومگەکانی ئەو دەسەڵاتە شۆڕکراوەتەوە بە جۆرێک کە ئەو ڕەفتارانە و پێشێلکارییەکان وەک نۆرمێکی ئاسایی کۆمەڵگەی لێ هاتووە و لە کوردستانیش لە لایەن دەسەلاتداران وەک کەلتووری کورد ناو دەبرێ.

لێرەدایە کە سنوری نێوان داگیرکەر و خەباتکاران تۆختر دەبێ و هەستیارتر. سیاسەتێک کە ساڵانێکە لەلایەن ئەو ڕێژیمەوە بەسەر خەڵکی کورد و بەتایبەتی ژناندا دەسەپێ، گرێ دەدرێ بە حاشییە نشینی و فەقری فەرهەنگی و....، ئەوەش وادەکا کە مەیدانی خەباتی ژنان لە ڕوبەروبونەوە لەگەڵ دیکتاتۆر بگۆڕێ بۆ کۆمەڵگە و بە دیاریکراوی پیاوان. ئەوەی کە وەک کاریگەرییەکانی دەسەڵاتداران لەسەر پەروەردە و پەرەپێدانی توندوتیژی لە کوردستان دەبینرێ و لایەنی جۆراوجۆریشی هەیە و ڕۆژانە دەبینین و دەبیستین کە مافەکانی ژنان لەلایەن پیاوان پێشێل دەکرێ، حاشای لێناکرێ و ئێمەش وەک هەموو خەڵکێکی ئەو جیهانە کاریگەری سروشت و ژینگە و دەسەڵاتداری دیکتاتۆرمان بەسەرەوە بووە و کۆمەڵێک داب و نەریت خۆی خزاندۆتە نێومان و بەو بیانویانە مافەکانی ژنان پێشێل دەکرێ کە کارکردن لەو پێوەندییە ئەرکی هەموو چالاکی مەدەنی و سیاسی بە ژن و پیاوەوەیە، بەڵام بەمانای ئەوە نییە کە ڕیشەی کوردی هەبێ وهەمووی لە

ملی پیاوی کورد بێ.

لادانی ئەو ڕوانینە و سڕینەوەی ئەو ئاسەوارانە کارێکی ئاسان نییە و تەنیا بە لابردنی ئەو دەسەڵاتە و هاتنی حکومەتێکی دێموکراتیک دەکرێ کە بتوانێ ئەو مافانە لە یاساکاندا جێگیر بکا و پلان و پڕۆژەی درێژخایەنی هەبێ. بەڵام ناکرێ بە نیسبەت گەشەی فکری کۆمەڵگەی کوردی و جێکەوتنی ئەو سیاسەتە چەپەڵانە بێخەم بین و لەو ڕاستایەش چالاکانی مەدەنی و سەربەخۆ کاری باشیان کردووە و ڕۆشنگەری کردن لەو پێوەندییەدا بۆتە چالاکی بەردەوامی ئەو چالاکانە و لەپەناشتدا بە کردەوە کارکردنی پێکەوەی ژن و پیاو لە مەیدانی خەبات نەریتە سەپێنراوەکان پال دەنێ و کەلتووری ڕەسەنی کوردی جێگیر دەکا کە ئەو هەوڵانە پێویستە بەردەوام و بەرفراوانتر بکرێ و تەنیا بە ئەرکی سەرشانی ژنان نەبینرێ.

ڕێژیمی ئێران لە ئاگایی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کورد بە تایبەت ژنان تۆقیوە چونکە باش دەزانێ کە خەباتی ژنی کورد تێکهەڵکێشی خەباتی مافویستی و شوناسخوازییە و ناتوانێ لێکی دابڕێنی هەر چالاکییەکی لەو ڕاستایەش دەکرێ بە ئەمنیەتی دەبینێ و وایلێهاتووە کە کارکردن بۆ پرسی ژنانیش بە هەڕەشە دەبینێ و ترسی کەوتۆتە گیانی، نموونەی زیندووی ئەو بابەتە حوکمی قورسی چاکانی مەدەنی کە لە نێوانیاندا خاتوو فەریدە وەیسی هەیە کە چالاکێکی بواری ژنانە کە چەندین جار بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات و دادگا کراوە کە تۆمەتی "تەبلیغ دژ بە ڕێژیم" دادگایی کراوە ئەوە لە حاڵێکدایە کە بۆخۆی ڕایگەیاندووە کە تەنیا کار لەسەر ژنوشیارین دەکا کە لە دادگا ویدیۆکانی کە لەو پێوەندییە تۆماری کردووە وەک تۆمەتێکی نوێ لەلایەن دادوەر حەیدەری ناوهێنراوە کە ئەوەش بۆ تووڕەیی لە شکستی سیاسەتی ڕێژیم لەو پێوەندییەدا دەگەڕێتەوە. بێگومان ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەو سیاسەتانە باجێکی زۆری دەوێ کە بەشی زۆری بە حوزوری ژنان لە مەیدانی کردەوەدا دەسڕدرێتەوە.

ژنی کوردیش کە باش لەو بابەتە تێگەیشتووە کە تەنیا هێزە دەتوانێ تایبەتمەندییە ناباشەکان بسڕێتەوە و کردەوە باشەکان جێگیر بکا و لەو پێوەندییەش ژیرانە هەڵسوکەوت دەکا چون کاتێک ناتوانێ لە ناوەندی گۆڕەپانەکەدا دەنگی بگەیەنێ و گۆڕانکاری پێک بێنێ، بەدوای بەدیلی دیکە بۆ پێکهێنانی هێز دەگەڕێ و ئەو هێزەش کۆمەڵگەی مەدەنییە کە تا ئاستێکی باشێش سەرکەوتوو بووە. هاوتەریب کردنی پرسەکانی ناو کۆمەڵگە و یەکدەنگییە کە دەتوانێ ڕیشەی ستەم و بیدادییەکان هەڵکەنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٧ی جانێوێری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## کورتەیەک سەبارەت بە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان



ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان ٧٨ مین ساڵەی تێکۆشان و خەباتی خۆی تێپەڕاند. ئەو ڕێکخراوە ٥٢ ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بە سەرکۆماری پێشەوا قازی محەممەدی یاد بەڕێز دامەزرا. ئەو مرۆڤە بلیمەت و زانایە لەو کاتەدا، بە گۆڕوتین مەشووڵی دامەزراندنی ئۆڕگانەکانەکانی حکوومەتی میللی کوردستان بوو، هەستی بە پێویستی بەشداری ژنان لە کاروباریی بەڕێوەبردنی وڵات کردبوو، بۆیە لەگەڵ هاوڕێیانی هاوبیری ڕێنوێن و پشتیوان بوو بۆ ئەوەی «حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان» لە ٢٤ ی ڕەشەممەی ١٣٢٤ دا، بە بەرپرسایەتیی مینا خانمی قازی (ئەسکەندەری) دامەزرێ. ئەو حیزبە دواتر بە حیزبی «یایان»یش ناوی دەهێندرا. دامەزراندنی ئەو حیزبە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەمڕۆدا، **وەک:** یەکەمین ڕێکخراوەی ژنان و کچان تێکۆشانی خۆی دەست پێکرد کە، کۆمەڵگەی کوردستان زیاتر لە ٩٠٪ی نەخوێندەوار، لە ژێر تەوژمی پیاوسالاری، عەشیرەیی و نایەکسانیدا بوو. بەڵام ئەو هەڵویستەی پێشەوای مەزن دەری دەخا چۆن هەم لە هاوسەری خۆی داوا دەکا، بەرپرسایەتیی یەکەم ڕێکخراوی ژنان وەئەستۆ بگرێ و هەم ژنان و کچان بۆ هاتنەدەر لەماڵەکان و بەڕێوەبەریی دا، کە شتێکی نامۆ بوو، هان دا و گۆیا: لە کاتی سەفەرەکانی و بەشداریی لە کۆڕ وکۆبوونەوەکانیشدا، کچێکیشی لەگەڵ بووە.

خەبات و تێکۆشانی ڕێکخراوی ژنان لە نیزیک ٨ دەیەی تەمەنی دا، لە یەکەم قۆناغی کاروچالاکییەکانی دا، لە ماوەی

بوونی حکوومەتی کوردی و پاڵپشتی یاسا بەسوودەکانی دەوڵەتی جمهووری کوردستان بوو، کە ژنان و کچان، بنێردرێنە قوتابخانە و زمانی دایک بخوێنن و بۆ ئەو مەبەستە بێ ئەوەی جیاوازییەک لەنێوان کوڕ و کچ هەبێ. ژنان و کچان لە ڕۆژنامەی کوردستان بە نووسین و قسەکردن کە لە ڕۆژنامەی کوردستان ئاماژەیان پێکراوە، نیشان لە پێشکەوتنی خێرای کۆمەڵگەی دواکەتوو ڕاگرتوەکەمان دەکا. هەروەها ژنان و کچان بۆ ڕێکوپێک کردنی کار و چالاکییەکانیان شوڕای گەڕەکیان لە مەهابادی پێتەختی کۆماری کوردستان دروست کردوە، کە جوولەکە و هەرمەنیشی تێدابوو و بۆ یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە (سپای میللی) بە کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵی و ئامادە کردنی هێندێک پێداویستی پێشمەرگانە بە چنینی کاری دەستی، زۆر چالاک بوون. بەڕووخاندنی کۆمارە ساواکەی کوردستان بە کردەوەی فێلبازانە و سەرەڕۆیانەی دەسەڵاتی ناوەندی و پێشتیوانی زلهێزانی وەک: ئەمریکا و بریتانیا، بەداخەوە قۆناغی یەکەمی خەباتی و تێکۆشانی ژنان و کچان کۆتایی دێ.

قۆناغی دوویەم دەگەڕێتەوە و بۆ دەورانی دەسەڵاتی پەهلەوی دوویەم (محەممەد ڕەزا شا) کە ئیزن بۆ کاروچالاکی ژنان و کچانی کورد بەشێوەی ڕێکخراوی کوردی نەدرا. بەڵام ئەو ژن و کچانەی لە کاتی بوونی کۆمار دا، چالاک بوون و نەسل (وەچە)ی دواتر لە دەرفەتەکان زیاتر بە شێوەی تاک و جار جار بە کۆ کەڵکیان وەردەگرت. بەتایبەتی لە زەمانی موسەدیق و جووڵانەوی جووتیارانی ناوچەی چۆمی مەجید خان وەک پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکە لە ساڵی ۱۳۳۱ دا، و چالاکییە فەرهەنگییەکانی دواتر لە بەشداری چیرۆکی شەو لە رادیۆ و کۆڕی هەڵپەرکێ لە تلویزیونی مەهاباد و کێبەرکێی دەنگ خۆشی لە قوتابخانەکان و بەشداریی لە ئۆردوویەکان قوتابخانەکان و خوێندن لە زانستگەکان هەرچەند ردەیان کەم بوو. ئەو قۆناغە کە سستی و بێدەنگیشی پێوەدیار بوو، هەتا بەهاری ۱۳۵۷ و ناشتنی تەرمی نەمر عەزیزی یۆسفی لە مەهاباد و سێ ڕۆژانەکەی کە خۆپیشاندانی توند بەرانبەر بە ڕیژیمی دیکتاتۆر کرا، ژنان هاتنە قوناغێکی نوێ لە خەبات و تیکۆشان دا. ۷ کچ لە مەهاباد ڕێکخراوێکیان دروست کرد و گۆڤارێکیان دەرکرد. لەوبارەیەدا، مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، یەک لە ئەندامانی کۆمیتەی زاگرۆس باس لە ساغکردنەوەی «اتحادیه زنان مهاباد» (یەکیەتیی ژنانی مەهاباد دەکا. لە سەقز و مەریوان ڕێکخراوی چووکی ژنان و کچان پێکهاتن کە لە ڕێپوانەکان دا، بەشداریی چالاکانەیان هەبوو. لە هەموو ماوەی لە کۆماری کوردستان هەتا ڕووخانی دەسەڵاتی پەهەلەوی دوویەم، ژنان و کچانی تێکۆشەران و خەباتکارانی دێموکرات، چ لە باشووری کوردستانی ئەمڕۆ و چ لە کۆمەڵگە و یارمەتیدەری ژیانی زیندانییە سیاسییەکان و بەتایبەتی کاتی بزووتنەوەی ۱۳٤٦ - ٤٧ ی پێشمەرگانە، بەشێک لەو خەبات و تێکۆشانەی ژیان، بوون.

قۆناغی سێیەمی کاروچالاکییەکانی یەکیەتیی ژنان لە کاتی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بووە. لە چەند شاری وەک: مەهاباد، بۆکان، شنۆ، سەردەشت کۆمێتەی ژنان تێکۆشانی چالاکانەی خۆیان دەست پێدەکەنەوە لە پەنا حیزبی دێموکراتدا ئەندامگیریش دەست پێدەکەن. لەو سەردەم دا، بە بڕیاری حیزب و هیممەتی یەکیەتیی ژنان چەند بابەتی

وەک: بە زۆر بەشوودانی کچان، شیربایی وەرگرتن، ژن بە ژنە پێکردن، چووکە بە گەورە بە مێرددان، قەدەغە دەکرێن. ئەو کردەوە کە بە یاسا کرا و بە جیددی لە بەشی کۆمەڵایەتیی حیزب کاریٚ پێ کرا، پاڵپشتێکی باش بۆ ژنان و کچان و بەرەو یەکسانی هانگاونان بوو. ڕێژیمی نوێ و بە تایبەتی دوای داسەپانی کۆماری ئیسلامی، کە زۆربەی خەڵکان لە کوردستان دا، لە ڕێفراندۆم بەشدار نەبوون، گوشاری زۆر خرایە سەر کوردستان و هێرشی نیزامی و سەرانسەریی بۆ کرا، ژنان لە بەشداریی بەرگریکارانە گەلی دا، بۆ دیفاع لە ماف و ئازادییەکان سەرتا لە شارەکان و دواتر دێهاتەکانیش بە ڕیزی پێشمەرگەکان پەیوەست بوون و خەباتێکی دوورودرێژی چەند لایەنەیان دەست پێکرد، کە ئیستاش درێژەی هەیە. لەو قوناغەدا، کە لە هەر دوو قوناغی پێشوو درێژترە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاخ و شارەکان، بە گرتنی کۆنفرانس و کۆنگرەکان لە باشووری کوردستان و دەرەوەی نیشتیمان بە گرتنی ٣ کونفرانس و ٥ کونگرە و پتر لە ١٠ کۆنفرانس لە کۆمیتەکانی دەرەوە و ئەندامبوون لە شووڕای ئینتر ناسیونال - سوسیالیستی ژنان، بەشێوەی سیستیماتیک و ئۆرگانایز، کار و چاکاکییەکانی بەرێوە دەبا. پێویستە بگوترێ: جێگری سەرۆکی ئینترناسیۆنال- سوسیالیستی ژنان لە پانتایی ڕۆژهەلاتی نێوراست و قەوقاز دا، بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئیرانە.

قۆناغی نوێی یەکیەتیی ژنان لە پاش ڕاپەڕینی ژینا و شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» دا، کە لە ١٦ی سێپتامبری ٢٠٢٢ (٢٧ی خەرمانانی ١٤٠١) دەستی پێکرد. سەرەتا زۆربەی هەرە زۆری کوردستان و پاشان بەشێکی زۆری سەرانسەری ئێران و داوتر ژمارەیەکی دەیان هەزارکەسی لە تاراوگەی تێدابەشدار بوون، کە خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی ژنان و کچان لە ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو شۆڕشە کە ڕێژیمی نگریس، مرۆڤ کوژ، مندال کوژ و ژن کوژی ئیسلامی سیاسی بۆ ١٠٠ ڕۆژ و شەو هەژاند. ئەو شۆڕشە ژنانی نەتەوە جیاوازەکان لە ئێران لە خاڵێک دا کۆ کردەوە کە ژن بوونیان بوو، و هاوکات ئەو دەرفەتەی بە ژنی کورد دا، کە بە ڕێشە مێژوویەی کە هەیەتی وتواناییەکانی خۆی نیشان بدا و لەو مەیدانە دا، ویست و داخوازییەکانی بە دیاریی کراوی بێنێتە گۆڕێ و ڕۆڵی پێشەنگیشی هەبێ. مەسەلەی شوناسی خۆی کە جگە لە ئازادی و مافی نەتەوەیی، یەکسانی و جیندری(ڕەگەزی)شە بێنێتە نێو کۆمەڵگەکان و بەتایبەتی میدیاکانە.

ئەو شۆڕشە نە تەنیا ژنان، بەڵکوو هەموو هێز و لایەن سیاسیی و مەدەنییەکانیش بیر لە دارشتنەوەی فۆڕمێکی دیکە لە خەبات بکەنەوە هەتا لەگەڵ پەیام و نێوەرۆکی پەیامەکانی ژینا هاوتەریب بن. یەکیەتیی ژنان لە ئێستا دا، لە هەموو کات زیاتر، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنانی چالاک لەوبوارە دا، بە نیسبەت بەرەوپێشبردنی، پرسی ژنان و کچان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەرکدارە. چوونکە لە کار وتێکۆشانی دا، ئەزموونێکی دیار و بەرچاوی هەیە لە کارێگەریی لە شۆڕشی ژیناش دا، زەق و بەرچاوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## هەوڵەکانی ڕژیمی ئێران بۆبەلاڕێدابردنی داخوازییەکانی شۆرشی ژینا



شۆرشی ژینا یەکەم بزوات نییە کە لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتبێتە ئاراوە و ژنان تێیدا بەشداربن بەڵام شۆرشێکی فرەڕەهەند بوو کە کۆمەڵێک داواکاری لە خۆدەگرت کە مەسەلەی حیجاب یەک لەوان بوو.

بابەتێکی گرینگ کە دوای شۆرشی ژینا لەنێو دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم هاتە ئاراوە و زۆر بێدەنگ کاری بۆدەکرێ بابەتی حیجابی ژنانە کە ساڵانێکە مشت ومڕی لەسەرە و کۆمەڵێک تەرح و پرۆژە بە ناوی جیا لەو پێوەندییەدا دراون بە مجلیس و هیچیان بۆ باشترکردنی دۆخی ژنان لە ئێران شتێکیان پێ نەبووە. بەڵام لە یەک ساڵی ڕابردوودا ئەو بابەتە جۆرێکی دیکە گرینگیی پێدرا چون دیتمان کە بە هاتنە ئارای شۆرشی ژینا کومەڵگەی نێونەتەوەیی پێشوازی زۆری لە خواستەکانی ژنان کرد و بۆ هەموان دەرکەوت کە ویستی ژنان لە ئێران تەنیا مەسەلەی حیجاب نییە و ژنان خوازیاری دابینبوونی مافە نەتەوەیی و سیاسیی و.... ئەو دیاربوونەی ژنانیان بەلاوە سەرەنج ڕاکێش بوو، بێگومان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەزمە جیهانییەی بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی ژنان و هێنانە میدانی ژنان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لەسەر ئەو بابەتە پێشبڕکێیە، بەڵام بۆ نەتەوەی کورد کە لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێران دەژی بابەتێکی کۆنە و ساڵانێکە کاری بۆ

دەکرێ. ئێستا بەرپرسانی ڕێژیم پێیان وایە بە دەرکردنی هێندێک یاسای بێبنەما بۆ ئازادی پۆشش کێشەی ژنان چارەسەر دەبێ و دەتوانێ دەنگی ژنان کپ بکا.

ڕۆژی چوارشەممە ١٨ی گەلاوێژ ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆککۆماری ئێران لە ڕێورەسمێکدا گووتی: "بێ حیجابی کۆدەکرێتەوە و ئەوە حەتمییە و هیچ نیگەران مەبن".

هەر دوابەدوای ئەو"مەتیۆ میلێر" وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە کاردانەوە بە قسەکانی ئیبراهیم ڕەئیسی سەبارەت بە مسئەلەی بێ حیجابی لە ئێران، جەختی لەسەر ئازادیی پۆشینی ژنان لە ئێران کردەوە و گووتی: "ژنان لە ئێران و هەموو جیهان دەبێ لە پۆشینی جلوبەرگدا ئازاد بن، نابێ ژنانی ئێران نیگەرانی ئەوە بن کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک کۆنترۆڵ و چاوەدێرییان دەکەن"

ئەو قسانەی ڕەئیسی لەحاڵێکدایە کە لە ١ساڵەی کوشتنی ژینا و شۆرشی "ژن ژیان ئازادی" نیزیک دەبینەوە و ژنان لە ئێران کە هەمووکات زیاتر پێداگرن لەسەر ئازادی ڕادەربڕین و پۆشینی جل وبەرگ و نافەرمانی مەدەنی، و ئەو بیرە لەنێو خەڵکدا زیاتر پەرەی گرتووە و ئەوەی جێی سەرەنجە پلانەکانی دەسەڵاتدارانی ئێرانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە نێوخۆییەکانی ئێران و بۆڵدکردنی بابەتی حیجاب و باس و خواستەکان لەسەر ئەو بابەتە لەلایەن بەرپرسانی ئێران بۆ بەلاڕێدا بردنی بیروڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییە تا نارەزایەتییەکان و ویستی نەتەوەکانی ئێرانی تەنیا بە مەسئەلەی حیجاب نیشان بدا کە وەک باسمان کرد ویستی ژنان لە ئێران تەنیا مەسەلەی حیجاب نییە، و لە ئەگەری سەرهەڵدانی نارەزاییەتییەکان لە ساڵوەگەری کوشتنی ژینا ئەو سیمایە لە ویست و داخوازی خەڵکی ئێران بە کۆمەڵگەی جیهانی نیشان بدات.

لەلایەکی دیکەوە پرۆژە یاسای "عیفاف و حیجاب" بووتە باسێکی سەرەکی مەجلسی ئێران، ڕۆژنامەی شەرق ١٦ی گەلاوێژ لە ڕاپۆرتێکدا باس لە ئەگەری پەسەندکردنی ئەو پرۆژە یاسایە دەکا کە تا ئێستا ٧٥ لەسەدی ئەندامانی مەجلیسی لەگەڵە، بەڵام نیگەرانی ئەوەشیان هەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی ئێران ئەو تەرحەی بەلاوە پەسەند نەبێ و دژکردەوەی ببێ. هەمووی ئەوانە دەتوانێ ئاماژە بەوە بێ کە ڕێژیم بیهەوێ بە پەسەندکردنی ئەو تەرحە لەو ساتەدا کێشەناوخۆییەکان داپۆشێ وسەرهەڵدانەکانی دیکە بەوەوە ببەستێتەوە وهەنگاوی دواتری پێدانی هێندێک ئازادی تاکی و جل و بەرگ و سەرپۆش بێ بۆ ژنان تا نیشان بدا کە گوێی لە خەڵک گرتووە و ئەو مافانەی بۆ دابین کردون.

زۆر گرینگە لە ئێستادا ژنان، چالاکانی مەدەنی و سیاسیی بە هەستیارییەوە لەو بابەتە بڕوانن و ئیزن نەدرێ کە ئەو

بزوتنەویە بەلارێدا ببردرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**سەرماوەزی ٢٧٢٤ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی**

---





# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ موژگان عەلیپوور بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتووێژو وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

